هونەرمەند خالید دلێر

خاوەنی چەپكێك ئاوازی سروود و گۆرانی

عبد الواحید ئیدریس شەریف[1]

[1] بەشی زمانی كوردی، فاكەڵتی پەروەردە، زانكۆی كۆیە، هەرێمی كوردستان، عێراق

پوختە

خالید دلێر یەكێكە لەو بەهرەمەندانەی لەسێ بوار (ئەدەب، هونەر، سیاسەت) بەرهەم و ڕۆڵی هەبووە، توێژینەوەكەمان تایبەتە بە هونەرڕەكەی(سروود و گۆرانیبەكان)ی، دلێر لەمندالیەوە لەو ژینگەیە پەروەردە بووە كە هانیداوە گەشە بەبەهرەكانی بدات و زاڵ بێت بەسەر گرفتەكانی ژیان و بەخششی خۆی لەو بوارانە بخاتە ڕوو كە لەهەگبەكەی دایە، بۆیە لەساڵی 1956 دەست دەكات بەدانانی هۆنراوە و ئاواز بۆ سروود و گۆرانی لەشاری كەركوك كەلێی دەژیا، ساڵی 1957 بۆ یەكەم جار چوار گۆرانی ئامادە دەكات دەیبات بۆ ئێزگەی كوردی بەغدا و دووانی بۆ تۆماردەكەن، لەو كاتەوە بەردەوام دەبێت، لەدوای شۆڕشی 14ی تەموزی 1958 سروود تۆمار دەكات تا لە 1961/9/16 لەكەركوك دەگیرێت، لەزیندان هەردوو سروودە بەناوبانگەكەی (پێشمەرگەین بەهەڵمەتین، ئێمە ڕۆڵەی كوردین) بەهۆنراوە و ئاوازەوە دادەنێت، لەساڵی 1965 دەست دەكاتەوە بەدانانی سروود، سروودەكانی (نەورۆزی دوور وڵات، جەژنی كورد، ئۆتۆنۆمی) دادەنێ، لەدوای ساڵی 1970 وە تواناكانی خۆی بۆ دانانی گۆرانی تەرخان دەكاتەوە، چەندان گۆرانی شاكار دادەنێ و بەدەنگی (عەباس محەمەد، شەماڵ حەمە تۆفیق، خەڵات خالید) تۆمار دەكرێن وەك (وەی وەی، جوانی سەرەڕێ، قژ) بەدەنگی عەباس، (تۆران، جەفا، پەری، ڕۆیی، ناسك) بەدەنگی شەماڵ، بەڵام دوانیان پێشتر بەدەنگی خۆی (دلێر) تۆماری كردبوون (تۆران، جەفا)، بەدەنگی خەڵاتی كچیشی دوو گۆرانی سیاسی (بەهارە، ئەی قومری) تۆمار دەكات، سەرجەمی بەرهەمەكانی (14) سروودن لەهۆنراوە و ئاوازی خۆی، (16) گۆرانین، (13) گۆرانی هۆنراوە ئاوازی خۆیەتی، (3) هۆنراوە هی شاعیرانیترە و ئاوازی دلێرە، (30) سروود و گۆرانی داناوە، هەندێكیانی تا ئێستا تۆمار نەكراون، (دلێر) بەشێكە لەمێژووی پڕشانازی هونەری گۆرانی و سروودی كوردی و دواتر شاری (كۆیە)ی زێدی لەدایك بوون و منداڵی دلێر، لەڕێكەوتی 2011/12/16 دوا ماڵئاوایی لەخاك و گەلەكەی كرد و لە 2011/12/17 لەشاری كۆیە بەخاك سپێردراوە.

كلیلە وشە: سەدەی نۆزدە، كۆیە، بزاڤی زانستی، قوتابخانە

Abstract:

Khalid Dler was one of the artists who played a great role in the fields of Literature, Art, and Politics. Our paper is about his songs and anthems. Dler lived in an environment which helped him to improve his literary skills and overcome the challenges in his life and presented the talent he had under his belt. In 1956, he started writing poems and composed music for songs and anthems in Kirkuk where he lived. In 1957, he prepared four songs and delivered them to the Kurdish radio in Baghdad and two of them got recorded. He continued from that time; after July 14th revolution in 1958, he recorded national anthems until he was arrested on September16, 1961 in Kirkuk. When he was in prison, he composed and wrote his two famous anthems (we are Peshmargas and we are Agile, we are Kurdish sons). Again, he started writing anthems in 1965, and his anthems were (Nawroz far from home, Kurdish Eid, Autonomy).

After 1970, he dedicated his skills to write songs; he composed many masterpiece songs and (Abas Muhammad, Shamal Ahmed Tofiq, Khalat Khalid) sang them such as (Wai Wai, Jwani Sarare, Qzh) sang by Abas, (Toran, Jafa, Pari, Roiy, Nask) sang by Shamal, but two of them were sung by himself which were (Toran and Jafa). His daughter, Khalat, sang two songs which were (Bahara, and Ai Raqib).

Keywords: Koya, Education, Cultural Movement, Nineteenth Century, School

Original Article | http://dx.doi.org/10.14500/krc2019.Gen268

1. پێشەکی

خالید دلێر بەهرەمەند و داهێنەر لەچەند بوارێکی ئەدەبی و هونەری، لەئەدەبدا شاعیر و چیرۆك نووس و ڕەخنەگر، لەهونەردا ئاواز دانەر و گۆرانیبێژ، شیاوی توێژینەوەی فراوانتر و گەورەترە، بەڵام ئێمە لەم توێژینەوەیەدا تەنیا گۆشەیەکی داهێنانەکانی ئەو هونەرمەندەمان هەڵبژاردووە کە)سرود و گۆرانیبە (چونکە لەسەردەمێکدا دلێر دەستی بۆ ئەم هونەرە بردووە کە سەرەتای دەرکەوتنی بووە لەناو کوردا، مەبەستمان گۆرانی هونەری دانراوە نەك فۆلکلۆر، سەرەتای پەنجاکانی سەدەی بیست کە تازە لەڕێی هونەرمەندان عەلی مەردان و شەماڵ سائیب گۆرانی نوێ بەشیعر و ئاوازی نوێ دادەنرا، دلێر دەکەوێتە ناو ئەو مێژووە کە چەندان گۆرانی لەو کاتەدا لەشیعر و ئاوازی خۆی لەئێزگەی کوردی لەبەغدا تۆمار کردووە، دوای ئەوەی لەلایەن لێژنەوە پەسندکراوە، جگە لە گۆرانی لیریکی، دلێر خاوەنی دەیان سروودی نیشتیمانییە کە هەندێکیانی لەزیندان داناوە، کە شاکاری مەزن و تاکورد بن دەست و چەوساوە بێ دەوڵەت بێت، سروودەکانی دلێر هەوێنی جۆشدان و وێردی سەرزاری خەڵکی ستەم دیدەی کوردن، بۆیە ئێمەش بەپێویستمان زانی ئەو سروود و گۆرانیە نەمرانەی دلێر بخەینە بەر باس و توێژینەوە لەڕووی ناوەرۆك و کاریگەریان لە ناو کۆمەڵانی خەڵك و ئاستی هونەرییان لەناو جیهانی هونەری سروودی نیشتیمانی و گۆرانی دڵداری و لیریکی.

2. تەوەرەی یەکەم: چەمك و پێناسەی گۆرانی:

گۆرانی دەربڕینی هەست و سۆزی مرۆڤە بۆ ڕووداو وئەو شتانەی کار لە دڵ ودەروونی مرۆڤ دەکەن،گۆرانی وەك لقێکی هونەر توانایەکی بەرباڵاوی هەیە بۆ کارکردنە سەر نەست، بۆی هەیە دەروونی مرۆڤ لەخەوش و ڕق و کینە بسڕێتەوە، مرۆڤ کە دێتە دنیاوە، بۆیەکەم جار لەناو بێشکە گوێی بەگۆرانییەکانی دایکی دەزرنگێنتەوە، بەر لەوەی قسەی لەگەڵدا بکات، بۆیەش زانایانی زمان دەڵێن))مرۆڤایەتی لەبەرەبەیانی مێژوودا بەر لەوەی بکەوێتە قسەو گفت و گۆی ئاسایی، ڕستە پێکەوە بنێ و بسازێنێ، بەگۆرانی زمانی بژاوە) ((محمد نوری، 2007، دیدەنی(، گۆرانی هاوڕێی تەنیایی مرۆڤ و مایەی ئاسوودەیی دەروونە، لەهەموو ساتەکانی ژیاندا کاریگەری خۆی هەیە لەسەر هەست و نەستی مرۆڤ، بەجۆرێك سارێژی زامەکانی ناخی مرۆڤ دەکات کە فیساغۆرس دەڵێت)) :مۆسیقا و گۆرانی پێی دەکرێ مرۆڤ لەشێتی ڕزگار بکات و چاکی بکاتەوە) ((عوسمان شارباژێری، 1985، (7، گۆرانی وەك پێداویستییەکی گیان، هەم لەکاتی شادی و خۆشیدا مرۆڤ پێویستی پێیەتی، هەم لەکاتی کۆست و ناخۆشیدا بە گۆرانی و مۆسیقا ئارام دەبێتەوە))گۆرانی خولیای مرۆڤە هەر لەدایك بوونیەوە تامردنی، مرۆڤ بەگۆرانی و ئاوازی گۆرانی دڵشاد و خەمگین دەبێت (( )شوکریە ڕەسول، 2008، (99، گۆرانی مرۆڤ لەڕق و کینە پاك دەکاتەوە، هەمیشە گۆرانی و مۆسیقا دەروونی مرۆڤ خاڵی دەکەنەوە لەتوندڕەوی و لاساری، گۆرانی سوکنایی دەبەخشێتە دەروونەکان و هەوێنی خۆشیە، هەمزا تۆفیق دەڵێت)) :خەنجەر پیاو دەخاتەباوەشی مردن و تەنبوور زیندووی دەکاتەوە) ((عیزەدین مستەفا، 1970، (25، ناوەرۆکی گۆرانی هەموو نەتەوەیەك ڕەنگدانەوەی باری کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووری و ڕۆشنبیری ئەو نەتەوەیە کە لەبۆتەی گۆرانییەکدا چڕ دەبێتەوە، هەر بۆیەش بلینسکی و گو گۆڵ))گۆرانیان بەمێژووی گەل ناوبردوو) ((عیزەدین مستەفا، 1970، .74)

گۆرانی وەك ناسنامەی نەتەوە وایە، چونکە هەر نەتەوەیەك گۆرانی تایبەت بەخۆی هەیە، ڕۆڵی گرنگیشی لەچێژوەرگرتن لەئاواز و جوانی و نەرمی ئەو گۆرانییە دایە، چەندە چۆتە قوڵایی خەم و خۆشیەکانی ئەو نەتەوەیە، چەندە بەهەست و سۆزەوە گۆرانییەکە دەچڕدرێ، سەبارەت بەم بۆچوونە خالید دلێر دەڵێت)) :کە بیانییەك گوێی لەگۆرانی کوردی دەبێ، دەبێ یەکسەر بزانێ کە هی گەلێکی تایبەتیە و ئەو گەلەش گۆرانی و ئاوازی تایبەتی خۆی هەیە) ((دلێر، 1982، (144، گۆرانی کە لەهەست و ناخی گەل هەڵدەقوڵێ، لەهەموو ساتەکان ئامادەیی هەیە، وێنەی ڕاستەقینەی سەرجەم کۆمەڵ دەخاتەڕوو، هەر بۆیەش دابەشی سەر چەند جۆر بووە وەك:

1. گۆرانی کارکردن
2. گۆرانی شوان
3. گۆرانی جوتیار
4. گۆرانی ئایینی
5. گۆرانی ئاهەنگ
6. گۆرانی چەمەری
7. گۆرانی ژنانە
8. گۆرانی منداڵان
9. گۆرانی دڵداری
10. گۆرانی جەنگ و جوامێری (عوسمان شارباژێری، 1985، 70)

3. تەوەرەی دووەم: چەمك و پێناسەی سروود:

سروود دەربڕینی هەست وهەڵوێستی مرۆڤە بۆ ڕووداوەکانی کە ڕوو بەڕووی مرۆڤ دەبنەوە،کۆمەڵ هان دەدات بۆ بەرەنگاری وتێکۆشان وسوورېوون لە سەرداوا وداخوازیەکانی،یان لە سرودی پەروەردەیی مندڵەکان گۆش دەکات بە دڵسۆزی و لە خۆبردن وپاکی وکۆڵنەدان بۆ گەیشتن بە هیوا وئامانجەکان،سروود ئاوازێکی خێرا و پڕ لەحەماسەتە، لەهەموو کاتێك ناوترێ، کات و شوێنی خۆی هەیە، لەکاتی جەنگ بۆ جۆشدانی جەنگاوەران لەڕووبەڕووبونەوەی دوژمن، یان لەکاتی نمایشی سەربازی و بۆنە نیشتیمانی و نەتەوەیی و دەستپێکی کۆبوونەوە و ئاهەنگەکان دەوترێ، هەر وڵاتێك سرودی تایبەت بەخۆی هەیە، کە لە کاتی ئاسایی لەڕێی پێشبڕکێیی هۆنراوە و ئاوازەکەی دەستنیشان دەکرێ و دەبێ بە مارشی فەرمی وڵات، لەمێژووشدا لای هەندێ وڵات و نەتەوە لەکاتی جەنگ و ڕاپەڕین و شۆڕشدا ئەو جۆرە سروودانە لەدایك بوونە، لەفەرهەنگی ئەدەبیدا، سروود وا پێناسە کراوە))سروود وەك جۆرە شیعرێکی تەعلیمی Didactiqceo، کە مێژوویەکی درێژی لەناو ئەدەبیاتی جیهانیدا هەیە، بۆ سەردەمی گریکی کۆن و پێشتریش دەگەڕێتەوە، بنچینەیەکی ئایینی هەیە، بەرامبەرەکەی لەزمانی عەرەبیدا)نەشید(ە، هەردەم پەیامێکی ئەخلاقی، کۆمەڵایەتی، ئایینی هەبووە، بەڵام ئەو تایبەتمەندییەی سروود هەیەتی، لەئەدەبیاتی کوردیدا زیاتر

کۆنفرانسی نێودەوڵەتی کۆیە لە ڕەوتی شارستانیەتدا © ٢٠١٩
١-٣ نیسانی ٢٠١٩

پەیامێکی سیاسییە) ((د. محسن ئەحمەد، 2012، 172)، ئەو پێناسەیەی لێرەدا کراوە، مەبەستی سروود بەگشتییە، بەپێی هەموو بەڵگەکانی کە لەمێژوودا تۆمارکراون، ئەوە دەسەلمێنن کە سەرهەڵدانی سروود سەرەتا لەبواری ئایینی دابووە)حەمەی حەمە باقی، 2002، (17، لەفەرهەنگە فارسییەکانی وەکو)لغت نامه، فرهنگی فارسی، معین(دا هاتووە))کە سروود وشەیەکی پەهلەویە و لەبنەڕەتدا)سرۆتsrut :یاخود) سروت: (srut ھ و بەواتای نەغمە و ئاوازی بەجۆش و خرۆش دێت، یان هۆنراوەیەکی ئاوازدار) ((معین، 1360، ج2، (1877، لای نەتەوەکانی تری ئێران بەم واتایانە شیکردنەوەی بۆ کراوە:

پەهلەڤیÖ :srÛt: srت ، ، لە sr)Û(tanهاوە، واتا ئاواز خوێندن.

بلووچی) sarôdh :مۆسیقا).

ئەفغانی) sarôd :ئاواز).

ئەڤێستا) sraota :بیستن، گوێ لێگرن) (د.محمد نوری، دیدەنی)

سروود لەفارسیدا واتاکەی بەم جۆرەیە))ئەو هۆنراوەیە کە لەچەندین بەشی سەروادار پێك هاتووە، کە بەئاوازێکی تایبەتی دەخوێندرێ، هەر جۆرە ئاوازێ، هەر دەنگێکی ئاوازدار کە لەئامرازە مۆسیقییەکان دروست دەبێ) ((د. محمد نوری، 1946، (38، بۆ زیاتر ناساندنی سروود وەك ژانرێکی هونەری وتن بەئاوازی تایبەت، بیرو ڕای شارەزایانی زمانی عەرەبی دەربارەی سروود دەخەینە ڕوو:

(شیعرێکی ئاواز مۆسیقی حەماسەدارە، هێما و ڕەمزە مەزنەکانی نەتەوە و شکۆی مێژووپی و ئاکاری بڵندی نەتەوە دەرئەخات و هەست ئەوروژێنێ، بۆ خۆشەویستی خاك و نەتەوە و خۆبەخت کردن لەپێناوی ئەو سەروەریانەدا) ((د. عبدالوهاب، 2010،(581، بۆچونەکان لێك نزیکن دەربارەی ناوەرۆکی سروود، کە خۆی لەبەرز ڕاگرتنی پیرۆزی و سەروەرییەکانی وڵات دا دەبینێتەوە، لەڕووی چۆنییەتی وتن و پێکهاتەی سروود، واپێناسە کراوە)) بەدەنگی بڵند شیعر بەمۆسیقا یاخود بێ مۆسیقا بوترێ و تەنیا پشت بەسەدای مرۆڤ و کاریگەرییە دەنگییەکان ئەبەستێت و ئەم هونەرە دریژە پێدەری بەرهەمی چالاکی نەوەکانی ڕابردووە) ((الموسوی، 2016، (89، سروود کە سەرچاوەکەی هۆنراوەیە، هۆنراوەی شۆڕشگێڕی و بەرەنگاری، لەڕێی ئاوازەوە ئاسانتر دەگات بەگوێی هەموو خەڵك بۆیە)) :شاعیری بەرەنگاری بۆ زیاتر گوڕ پێدان و گەرمتر کردنی کۆرەی خەبات، ڕووی کردۆتە سروود دانان، ئەمەش لەبەر ئەوەی سروود بەیارمەتی ئاواز و مۆشیقا و ئیقاعەوە کاریگەری زۆرتری هەیە (((ئەبوبەکر خۆشناو، 2002، (154، بۆیە دەتوانین بڵێین:

وشەکانی سروود کورت و واتادار و ساده و ساکارن، چونکە هونەرێکە ئامانجی گەیشتنە بەگوێی هەموو خەڵك و پەیامێکی پێیە، جا ئەو پەیامە نیشتیمانی بێت، پەروەردەیی بێت، ئایینی بێت، حەماسەتێك لەئاواز و وتنی دا هەیە کە کاریگەری لەسەر هەستی خەڵك دادەنێ و سەرنجیان ڕادەکێشێ بۆ ئەو ئامانجەی ناوەرۆکی سروودەکە مەبەستیەتی، بەتایبەت سروودی نیشتیمانی و بەرەنگاری، جۆش و خرۆشێك لەدەروونی گوێگر دروست دەکات بۆ شۆڕش و ڕاپەڕین و هێرش بۆ سەر دوژمن ئەمەش پێکانی ئامانجەکانی سروودە لەکاتی شۆڕش و ڕاپەڕینی جەماوەری.

4. تەوەرەی سێیەم: مێژووی سەرهەڵدانی سروود و گۆرانی کوردی:

1. سەرەتای گۆرانی و سروود لای کورد:

سروود و گۆرانی هاودەمی مرۆڤایەتین، هەر لەسەرەتای مرۆڤایەتییەوە بەشێوەیەکی سەرەتایی (هەبووە، هات و هاواری مرۆڤ لەبەرامبەر سرووشت ، هات و هاوار بەر لەچوونە مەیدانی ڕوو بەڕوو بوونەوەی ئازەڵان، کە ئەوسا زمان و گفت و گۆ وەک ئێستا پێشکەوتوو نەبووە، دەکرێت ئەوانە بەسەرەتای سروود دابنرێن، چونکە سروود لەبەر ئەوەی پەیوەندی ڕاستەوخۆی بەبەرزکردنەوەی وزەی مرۆڤ و ئاراستە کردنییەتی بە)مەبەست (دەکرێت ئەوە سەرەتایەك بێت، سەبارەت بەگۆرانیش مرۆڤ بەر لەوەی زمان وەك پێویست بەکاربێنێ و قسەی پێبکات و ڕستەی ئاسایی دەربڕێ گۆرانی وتووە، دەنگێکی لێ دەرچووە، منگە منگ بێت، ئەگەر کەسیش تێی نەگەیشتبێ، ئەوا تەنیایی خۆی ڕەواندۆتەوە،))تەمەنی گۆرانی لای مرۆڤ، هەموو مرۆڤ، ئەوەی بەتەنیا بەقوڕگ دەوترێ لەسەرتای پەیدابوونی مرۆڤەوە، زووتر سەری هەڵداوە، زووتر چەکەرەی کردووە لە چاو ئامێرەکانی مۆسیقا) ((ڕەفیق حیلمی، 1988، (95، سەرهەڵدانی سروود و گۆرانی لای هەر نەتەوەیەك تایبەتمەندە بەمێژووی ئەو نەتەوەیە

مێژووی سەرهەڵدانی سروود و گۆرانی کوردی وەك گەلێکی بێ دەوڵەت و هەمیشە ژێردەستە، دەبێ بۆ مێژووی خۆمان چاو لەیادشت و ڕۆژ ژمێری ڕۆژهەڵات ناس و کوردناسەکان بکەین، گەرچی نوسینەکانی ئەوانیش هەموو جێی متمانە نین،گەزنەفۆنی یۆنانی لەگەڕانەوەکەیدا بەکوردستاندا دەڵێت)) :کاتێك کوردەکان سەیریان کرد بەشێکیان لەئاوەکە پەڕیبوونەوە و بەشێکیان لەبەرامبەر ئاوەکەین، بەسروود خوێندن لەشاخەکەی پشتانەوە هاتنە خوارەوە و پەلاماریان دایین) ((حسن فهمی جاف، 1980، (882، وەك سەرەتا ئاماژەمان پێدا تەمەنی گۆرانی کوردی هاوتەمەنی مرۆڤی کورده، کە ژیانی ڕۆژانە گۆرانییەکانی دروست کردووە، سەرچاوەی لەدایك بوونی سروودە ئاینییەکان. بۆ بەرەنگار بوونەوەی ژیانی سەخت و لەکاتی کار گۆرانییە جۆربەجۆرەکان لەدایك بوون،))تەمەنی گۆرانی کوردی زۆر لەپێش تەمەنی وشەی)گۆرانی(یەوەیە، کە خێڵێکی گەورەی نێوان)سنە (و)کرماشان(ھ و ئەم خێڵە پێڕەوی ئایینی)ئەهلی هەق (دەکەن و خاوەنی بیروباوەڕ و ئاداب و ئەدەبیاتی تایبەتی خۆیانن، کە هەموو شیعری کێبە مەزهەبیەکانیان)دە (بڕگەین) ((مکری، 1950، (11، ئەم بۆچوونە لای نوسەرانی تریش وەك دکتۆر محەمەد و موکری و تۆفیق وەهبی هەیە))گۆرانی لەعەشیرەتی)گۆران(هوە هاتووە، ئەم هونەرە دەدرێتە پاڵ ئەوان، چونکە عەشیرەتێکی کشتوکاڵی نیشتەجێ بوون و پتر دەرفەت و توانایان بۆ دانان و داهێنانی شیعر و ئاواز بووە) ((تۆفیق وەهبی، 1973، (12، ئاوێتەکردنی شیعر و مۆسیقا بەکارهێنانی ئامێری مۆسیقی تەمبوور یان)تەموور (کە دەستکردی گۆرانەکان خۆیان بووە، وای لەخێڵ و عەشیرەتە دراوسێکانیان کردووە کە چاویان لێبکەن))هەر لەسەر پێودانی کارەکەی خێڵی گۆران بڵێین: ئیمەش وەك ئەوان، واتە خێڵی گۆرانمان کردووە، کە ئاکامی لاسایی و چاولێکەرییە، کە دەبێ بەگۆرانی، ئەمەش باشترین بەڵگەیە، لەسەر ئەوەی، کە واژەی گۆرانی لەم کردەوە دێرینەی خێڵی گۆران وەرگیراێ) ((حەمەی حەمە باقی، 2006، (102، گۆرانی لەباکوری کوردستان)ستران(ی پێ دەڵێن کە شارەزایان دەڵێن هەر لەسروودەوە هاتووە -1))سروود، سروت، ستران -2کەلام)وەخشە و مەسەرە (یان گۆشەی پیرۆز کە لە ئەڤێستادا هاتووە، -3ئەو گۆرانییە ئایینییانەی کە لەسەردەمی زەردەشتییەکان دا گوتراون و پێیان گوتوون: سروت کە گۆسانەکان)بەیتبێژەکان (چریویانن -4سروود وشەیەکی کۆنی ئەڤێستاییە کە لە گاتاکانی زەردەشتدا هاتووە و ڕیشەی وشەی ستڕانی کوردییە و لەکۆنترین ناوچەکانی کوردستان کە زاراوە کرمانجن ئەم وشەیە بەکاردێت) ((ناسری ڕەزازی، 2012، (89، ئاوڕدانەوە لەمێژووی کۆنی کوردی پێش ئیسلام، ئەم ڕاستییە زیاتر بەرچاو دەکەوێت کە گۆرانی و سروود لای کورد لەگاتاکانی زەردەشتەوە سەرچاوە سەرچاوە دەگرێت، بابا یادگار وەك یەکێك لەپیر و گەورەکانی یارسان بایەخێکی زۆری بەگۆرانی و مۆسیقا داوە:

زوڵالی سەرمەست .زوڵالی سەرمەست
یادگاری نان، .زوڵالی سەرمەست
جاگا کە خۆسرە و، بەهرام دا شکەست
وەرە بکو فەرمان، خواجەکەی ئەڵەست
باربەد ئاما، بەربەتی نەدەست
سێ ئاوای کوردی، پەی دڵداران یەست
ئەز باربەد بیم ئەو بەزمگای لەست
کاکەم خوسرەو بێ، نەکرد بەندی ڕەست

واتاکەی:

ئەی پاکی سەرمەست
ئەی یادگار، ئەی پاکی سەرمەست
لەوکاتەی خوسرەو بارامی شکاند
بەفەرمان و خواستەی خواجەی ڕۆژی ئەڵەست)خودا(
باربەد هات ئامێڕی مۆسیقای لەدەست بوو
سێ ئاوازی کوردی بۆ دڵداران وت
من باربەد بووم لەو بەزمگا جوانەدا
کاکەم خوسرەو لەهەموو کۆت و پێوەندێك ڕزگاربوو

(د. مارف خەزنەدار، 2001، 282)

پرۆفیسۆر محەمەد نوری پشتڕاستی ئەم بۆچوونە دەکات کە گۆرانی و سروود لەلای کورد زۆر پێش هاتنی ئایینی ئیسلام هەبووە))بەر لەئایینی ئیسلام کورد گۆرانی هەبووە بۆ پیاهەڵدان و ڕێزلێنانی ئاهوورامەزادا ..... بەزمانی ئایینەکەی کە زمانی ئەڤێستایی بووە) ((محەمەد نوری، 2015، دیدەنی).

2. سروود لەلای کورد بەچەند قۆناغێکدا تێپەڕبووە:

وەك پێشتر ئاماژەمان پێداوە، سەرەتای سروود لای کورد دەگەڕێتەوە بۆ ئایینی یارسان و ئەهلی هەق، کە سروودیان لەکاتی سروتە ئایینییەکان خوێندووە، بۆ پیاهەڵدانی ئاهورامەزادو ئاگر و خۆر و ڕووناکی، قۆناغەکانی دواتری سروود گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە، لەچوارچێوەی ئایین دەرچووە ڕەهەندێکی نیشتیمانی و نەتەوەیی وەرگرتووە وەك:

یەکەم: سەردەمی میرنشینەکان: دوای هاتنی ئیسلام، میرنشینە کوردەکان وەك میرنشینی)ڕوادی 618-23ی کۆچی (لەناوچەکانی ئازربایجان و میرنشینی)شەدادیان - 340 599ی کۆچی (لەگەنجە و دوین، میرنشینی)حەسنەویە 474- 348ی کۆچی (لەدینەوەر و نەهاوەند و حەلوان و شارەزوور، میرنشینی دۆستەکی 478- 272ی کۆچی لەناوچەی دیاربەکر و میافارقین، ئەو میرنشینانە ئەوەندەی توانایان هەبووە بەرگریان لەمانەوەی خۆیان کردووە، درێژەیان بەچڕینی ئەو گۆرانی و سروودانە داوە کە پێش هاتنی ئیسلام هەبوون،)حەمەی حەمە باقی، 2006، (135، لەو سەردەمەشدا هەر سروودە ئایینییەکان خوێندراون و گەشەیان پێداوە.

دووەم: سەردەمی سەفەوی و عوسمانییەکان: لەم سەردەمەدا میرنشینەکانی ئەردەڵان و بۆتان و بادینان و سۆران و بابان لەسەدەی پازدە تا سەدەی نۆزدە هەبوونە، ئەو میرنشینانە لەکاتی جیا جیا بوونیان هەبووە، دەیان شەڕ و داستان لەو سەردەمە ڕوویداوە، سروود لەم قۆناغەدا ڕەهەندی نەتەوەیی و چینایەتی و نیشتیمانی وەرگرتووە بەڵام لە چوارچێوەی بەیت و لاوك دا))لاوك بەندە بەژیانی نەتەوەیی کورد و ڕەنگدانەوەی هەموو جەور و ستەم و چەوسانەوە و تراژیدیای کورد) ((شوکریە ڕەسوول، 2008، (114، کاریگەری دیالێکتەکانی زمانی کوردی وای کردووە داستان و ڕووداو و کارەساتە گەورەکان کە ڕوو بەڕووی نەتەوەی کورد بوونەتەوە، لە دیالێکتی کرمانجی ژووروودا لەژانری)لاوك(دا ڕەنگ بداتەوە، کە کێشەی نەتەوایەتی و کێشەی چیانەتی ئاوێتەن، نموونەی لاوکەکان)شێخ مەحموود، حەمەد ئاغا مەندۆ، دەرۆێش عەبدی خەلیل (...لەکرمانجی ناوەڕاست و خواروشدا لەبەرگی)بەیت (داستانەکانی قارەمانەتی و دڵداری تۆمارکراون نموونەی بەیتەکانی)داستانی قەڵای دمدم، بەیتی خانزاد و لەشکری، عەزیز و تەکش (...ناوەڕۆکی هەردووکیان نیشاندانی گیانی بەرەنگاری و ڕوو بەڕوو بوونەوەی ستەم و زۆرداری و خۆڕاگرییە بۆ سەرکەوتن و چۆکدانەدان بۆ داگیرکەر و دوژمنان، ئەمەش ئامانجی سروودە، ئەگەر بنەمای حەماسەتیش وەك لەسروود هەیە گرنگی پێ نەدرا بێ لەلاوك و بەیت دا.

سێیەم: سەردەمی شەڕی یەکەمی جیهانی: گەرچی کورد بەشێك نەبووە لەو شەڕە، بەڵام خاکەکەی مەیدانی بەشێکی ئەو شەڕەبوو، بۆیە کارەساتەکانی شەڕ ڕەنگدانەوەی خراپیان هەبووە لەسەر دڵ و دەروونی خەڵکی کورد، کە لەشیعری شاعیرانی ئەو سەردەمە ڕەنگیداوەتەوە، یەکەم سروود لەو سەردەمەدا کە شارەزایان دەستنیشانیان کردووە، سروودی)نەشیدی ئیستقبال(ە، کە لەساڵی 1921لەسلێمانی لەلایەن زێوەری شاعیر دانراوە بۆ پێشوازی کردن لەشێخ مەحمود دوای گەڕانەوەی لەدەست بەسەربوون لەهیندستان))پێش گەڕانەوەی شێخ مەحمود لەهیندستان، سلێمانی چوبووە دۆخی جاران و ببوە ناوچەی جوڵانەوەی کوردایەتی و بەرزبوونەوەی ئاوازی نیشتیمانپەروەرەکان، لەچاوەڕوانییەدا لەناو خەڵکا، بەتایبەتی لەناو لاوەکان دا، هەستێکی بەتینی قەومی و نیشتیمانیان بڵاو کردەوە، ئیمەش دەستەی مامۆستاکان لەناو خۆماندا و لەگەڵ قوتابیان چیمان پێکرا کردمان، گۆرانی بەپیرەوە چوون)نەشیدی ئیستیقبال (کە لەلایەن مامۆستای نیشتیمانپەروەر زێوەر ڕێك خراو فێری دەستەی گۆرانی قوتابیە دەنگ خۆشەکان کرا، هەزاران پیاو و ژن بە چەپڵە ڕێزان و دەنگی هەڕەژی، هەزاران قوتابی کۆڕ و کچ بەبەرگی نەورۆزی کوردەوە گۆرانی نیشتیمانی و نەشیدی بەخێرهاتنەوەیان ئەخوێندەوە) ((ڕەفیق حیلمی، 1988، (516، سەبارەت بەیەکەم سروودی کوردستانی، بۆچوونی تریش هەیە کەوا سروودی)وەلاتێ مە کوردستانە (یەکەم سروود بێ کە لە ئەرمەنستان هونەرمەند)ئەسلیکا قادر (وتوویەتی کە کوردی یەریڤانە:

وەلاتێ مە کوردستانە جێ و مەسکەنێ مە کوردانە
وەلات ژ مەرا ڕۆح و گیانە میللەت هەموو برانە

لێژنەیەك لەوەزارەتی پەروەردە، 2007، 117)

لەگەڵ سەرهەڵدانی شۆڕش و ڕاپەڕینەکانی کورد، سروودیش بەرەو پێش چووە و بۆتە هەوێن و بڵندگۆی شۆڕشگێڕان، بۆ جۆشدانی خەڵك و بەرزکردنەوەی وەرەی شەڕکەران لە مەیدانەکانی شەڕ و بەرەنگاری، جگە لەو سروودانەی لەکاتی جەنگ و ڕاپەڕینەکان لەدایك بوون، چەندان سروودی پەروەردەیش سەرەتا بەئاوازی عەرەبی و تورکی لەخوێندنگاکان دەخوێندران، دواتر شاعیرە نیشتیمانپەروەرەکان کە هەستیان بەگرنگی و ڕۆڵی سروود کردبوو لای نەتەوەکانی تر، بەشێك لەشیعرەکانیان بۆ سروود تەرخان کرد وەك)زێوەر، بێکەس، پیرەمێرد، گۆران، بەختیار زێوەر، دڵدار، ئەحمەد هەردی، (.....لەشێستەکانی سەدەی بیستیش دوای هەڵگیرسانی شۆڕشی ئەیلول، چەندان سروودی شۆڕشگێڕی لەلایەن شاعیرە نیشتیمانپەروەرەکان دانران وەك)خالید دلێر، ئیبراهیم ئەحمەد، مەدحەت بێخەو، محەمەد ڕەسول هاوار، کامەران موکری، هێمن موکریانی، (...لەشۆڕشی نوێشدا کاروانی سروود زیاتر گەشەی کرد و سروود بێژەکان

هەم پێشمەرگەبوون هەم هونەرمەند، لەیەك كات دوو ئەركیان لەسەر شان بوو، هونەرمەندانی تیپی مۆزیکی شەهید کارزان)حەمە جەزا، شوان کابان، ئازاد خانەیقینی، سیار بامەرنی، (...دەیان سروودی نیشتیمانی و بەرەنگاریان تۆمار کرد کە لەسانی شۆڕش و ڕاپەڕینی 1991ڕۆڵی کاریگەریان دیت لەجۆشدانی کۆرەی خەبات و هەڵمەت بۆ سەر دوژمن، لە سەرەتای هەشتاکانی سەدەی بیست، لەکۆردستانی ڕۆژهەڵاتیش لەسەر دەستی چەند هونەرمەندێکی نیشتیمانپەروەر وەك)ناسری ڕەزازی، نەجمەدین غولامی، کاڵێ، (...کۆمەڵێ سروودی شۆڕشگێڕی تۆمار کراون و بڵاو بونەوە کە هاوشانی پێشمەرگە لەسەنگەرەکانی بەرگری و هێرش ڕۆڵی خۆیان دەدیت، ئەمە ئاوڕدانەوەیەکی خێرابوو لەمێژووی سەرهەڵدانی سروود لە لەلای کورد، تۆێژینەوەکەی ئێمە تایبەتە بەسروود و گۆرانی لای خالید دلێر، بۆیە بەوردی نەچوینە ناو قۆناغە مێژوویەکانی سروود لای کورد.

3. گۆرانی کوردی لە دوو قۆناغدا:

یەکەم: گۆرانی فۆلکلۆری کوردی: ئەم جۆرە گۆرانییە هاوەدەمی مرۆڤی کورد بوونی هەبووە، لەکاتی کار و سروودتە ئایینییەکان لەدایك بوون)گۆرانی کۆنترین بەشی ئەدەبی فۆلکلۆرە، هەروەك بەشێکی دیاری هۆنراوەی لیریکە، ئەم هونەرە لەزۆر کۆنەوە پەیدابووە، هەر لەو کاتەوە کە هێشتا هۆشیاری گەل لەڕادەیەکی نزم دا بووە (( )د.عیززەدین مستەفا ڕەسوول، 1970، (59، دێرە هۆنراوەیەکی فۆلکلۆری هەیە وەك هونەرێکی مێژوویی دەوترێتەوە بەئاوازی جۆراوجۆر:

گۆرانی، هۆرە، سیا چەمانە

قەدیم یادگار، قەومی کوردانە

ئاوازی هەورەمان، باس کردنی لەدێرە شیعرێکدا لەکتێبی بەناوبانگی)المعجم فی معاير أشعار العجم (کە نووسەر)شەمسی ڕازی (نووسیویەتی لە ساڵی 1217)ز(دا:

لعن أورامان و بيت پهلوی

زخمه، رود و شماع خسروی) حەمەی حەمە باقی، 2006، (135

ئاماژە پێدانی ئاوازی هەورەمان، سەدان ساڵ بەر لەئەمڕۆ بەڵگەی ئەوەیە کە نەتەوەی کورد خاوەنی گۆرانی و ئاوازی خۆی بووە، ئەم دێرە شیعرە بەکوردی واتاکەی بەم شێوەیە:

ئاوازی هەورامان و بەیتی پەهلەوی

لێدانی ڕوود و ئاواز و سروودی خوسرەوی

ئەو گۆرانی و ئاوازانەی لای ئایینی زەرتوشت و یارسانەکان هەبوون پێش ئیسلام، بەتایبەتی ناوچەکانی)هەورامان و ئازەربایجان و لوڕستان (کە دوور بوون لەشەڕ و داگیرکاری، گۆرانی وکەلتوری خۆیان پاراستووە و دریژەیان پێداوە، دواتر لەوسەردەمانەی ئارامی و ئاسایش باڵی بەسەر ناوچە کوردییەکان دا کێشاوە لەسێبەری میرنشینە کوردەکان، لەسەردەمی ئەمەوی و عەباسی ، هونەری گۆرانی کوردی دانەبڕاوە و بەرەنگاری سیاسەتی سڕینەوە و لەناوچوونی کردووە، سەبارەت بە ناوی مەقام و گۆرانییە کوردییەکانیش ڕای جیاواز هەن، هەندێکیان دەیانبەنەوە سەر ئایینی زەرتوشت وەك))ڕەنگە ناوی هەندێ لە گۆرانییەکانی کوردی زۆر کۆن بن، بۆ وێنە،)قەتار (ڕەنگە لەوشەی)گاتا (وە گۆرانێ، وەلەکاتی خۆیا هەر گاتای پێ ووترانێ، هەروا)هۆرە (ڕەنگە گۆرانییەکی تایبەت بوو بێت بۆ ستایشی)ئاهورامازدا (هەروەها)کەڵهوڕی (ڕەنگە)کەڵە ئاهوڕایی (واتە لەگۆرانییە هەڵبژاردەکانی باسی ئاهوڕایێت)خورشیدی (تا ئێستا گەواهەکە لەکاتی هەڵاتنی خۆردا وتراوە، بەناوی نیازەوە، چونکە دەبینین بەرامبەر بەوە، گۆرانی)خاوکەر(مان هەیە، کە بۆ خەو هێنان وتراوە) ((محمد جمیل ڕۆژبەیانی، 1970، (66، لەگەڵ ئەو لێکدانەوە و بۆچونەی محمد جەمیل ڕۆژبەیانی، دکتۆر عیززەدین مستەفا پێی وایە دوور نیيە مەقامی)قەتار (لە)قەتار(ی عەرەبییەوە هاتبێ، کە بەمانای کاروان بەکار دەهێنرێ، نموونەی ئەو گۆرانییەی هێناوەتەوە کە گۆرانییێژ دەڵێ)) :قەتارێ بێنن غەمانم بارکەن) ((د. عیززەدین، 1970، (66، گۆرانی فۆلکلۆری تا دامەزراندنی ئێزگەی کوردی لەبەغدا، کەرمەشان، سنە، تاران، کە کاتێکی دیاریکراو تەرخان کرابوو بۆ گۆرانی و ئەدەبی کوردی، ئەو گۆرانییانە بەردەوام بوون.

دووەم: گۆرانی هونەریی کوردی: لەپەنجا و شێستەکانی سەدەی بیست دوای تەواو کردنی پەیمانگای هونەرەجوانەکان)بەشی مۆسیقا (لەلایەن چەند خوێندکارێکی کورد، کە بوونە هەوێنی دامەزراندی تیپی هونەری و مۆسیقا لەشارەکانی)سلێمانی، هەولێر، کۆیە، دهۆك، (...توانیان گۆرانکارییەکی بەرچاو لەگۆرانی کوردی بکەن و لەفۆلکلۆرە بۆ گۆرانی هونەریی، کە هۆنراوە و ئاوازەکەی لەلایەن شاعیر و ئاوازدانەری کورد دا دەنرا، جگە لەوەش گۆرانییە فۆلکلۆرییەکانیان بەدابەشکردنی مۆسیقایەکی ڕێك و پێك تۆمار دەکردەوە، کەتا ئەمڕۆش ئەو تیپانە بەردەوامن و شاکاری زۆریان خستۆتە سەر خەرمانی هونەری گۆرانی کوردی، خالید دلێر یەکێکە لەو شاعیر و ئاواز دانەرانەی جێ پەنجەی بە دانانی گۆرانی ڕەسەن و سروودی نیشتیمانی کوردیەوە دیارە و شایستەی ئەوەیە، بەرهەمەکانی بخرێنە ڕوو و بەرز بنرخێندرێن کە ئامانجی تۆێژینەوەکەمانە.

5. تەوەرەی چوارەم: پوختەیەك لەژیانی خالید دلێر:

خالید دلێر، ناوی خالید عەبدولواحید ئەحمەد مەلا سلێمانە، لە 20/8/1993 لەگەڕەکی)بەفری قەندی (شاری کۆیە لەدایاك بووە، باوکی بە)واحیدی سۆڵدروو، واحیدی موختار (ناسراوە، دایکی ناوی)ئامینە ئەمینی مستەفا یاسین تۆزە (بووە و خەڵکی قەڵادزێ بووە، دلێر خوێندنی حوجرە و سەرەتای و ناوەندی لەکۆیە خوێندووە، دواناوەندی لە بەغدا و کەرکوك بەشەو تەواو کردووە، لەساڵی 1954 دەچێتە شاری کەرکوك و لە 21/12/1954لەشەریکەی نەوت بەکرێکار دادەمەزرێ، جگە لەکارەکەی کاتەکانی تری تەرخان دەکات بۆ ئەدەب و هونەر وسیاسەت تا ساڵی 1961هەر لە کەرکوك دەژی و کۆمەڵێ بەرهەمی ئەدەبی)چیرۆك و شیعر (و هونەری)گۆرانی و سروود (پێشکەش دەکات، لەزانکۆی)لۆمۆمبا(ی مۆسکۆ وەرگیراوە، بەڵام لەبەر ئەوەی فەرمانی گرتنی بۆ دەردەچێ و لە 16/9/1061 لەگەڕەکی)ڕەحیماوە(ی کەرکوك دەگیرێت، تا لە 28/3/1963ئازاد دەکرێ و دەبێ بە پێشمەرگە تا ساڵی 1970بەردەوام دەبێ لەکاری سیاسی لەناو حزبی پارتی دیموکراتی کوردستان، باڵی م. س(، دواتر خۆی تەرخان دەکات بۆ ئەدەب و هونەر وەك شاعیر و هونەرمەندێکی بەرەی گەلەکەی تا ڕاپەڕینی 1991، دووبارە دەچێتەوە ناو کاری سیاسی و دەبێتە ئەندام لە)لێژنەی هاریکاری چەپە کوردستانییەکان (و دواتر لەساڵی 1998 بۆ چارەسەری نەخۆشی دەچێتە ئەورووپا و لەوێ دەبێتە ئەندامی)کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان (و دوای چەند ساڵێك دەگەڕێتەوە کوردستان بەیەکجاری و لە 16/12/2011دوا ماڵئاوایی دەکات و لە 17/12/2011لەگۆڕستانی)کەکۆن (لەشاری کۆیە بەخاکی دەسپێرن.

چۆن (دلێر) بوو بەنازناوی خالید دلێر:

لە 1946وە لە پۆلی پێنجەمی سەرەتایی چۆتە ناو کاری سیاسی و لەگەڵ کۆمەڵێك خوێندکاری هاوڕێی ڕێکخراوێکیان دروست کردووە بەناوی)کۆمەڵەی پێشکەوتنی

خوێندەواری(، لەوەرزی هاوین دا کرێکاری کردووە، سەبارەت بەم نازناوە دلێر خۆی دەڵێت)) :پۆلی چوارەمی سەرەتایی بووم، تازە نامیلکە بچوکەکەی مامۆستا عەلائەدین سجادی)ناوی کچ و کوڕ بەکوردی (دەرچووبوو، تازە بەرچاوی ئێمە کەوتبوو، ئێمەش بەهەستێکی سادە و منالانە لەناو خۆماندا ڕێککەوتین کە بەپێی ژمارەی قوتابیانی پۆلەکەمان لەو نامیلکەیەدا، ناوی کوڕ هەڵبژێرین و هەرناوە لەسەر پارچە کاغەزێك بنوسین و بیان پێچینەوە لەناو کڵاوی یەکێکیاندا، دایبنێین هەریەکە کاغەزێك هەڵبگرێت و چ ناوێکی بۆ دەرچوو، ناوی خۆی بەو ناوە کوردییە بگۆڕێت، چونکە ئەوکات هەموومان ناومان عەرەبی بوو، ئەم)دلێر(هی نازناوی من بەر هاوڵی پۆلەکەمان کاك)عەبدولسەمەد تاهیر (کەوتبوو، ناوێکی ترم بۆ دەرچوو، لەگەڵ ئەو هاوڵەدا ناوەکانیان بەیەکتری گۆڕیەوە و بڕیارم دا)دلێر (بکەم بەنازناوی خۆم (((دەستنووسی خالید دلێر).

خالید دلێر لەقۆناغی پێنجەمی سەرەتایی خوێندنەوە، لەسێ بوار کاری کردووە)سیاسەت، ئەدەب، هونەر (بەڵام تۆێژنەوەکەی ئێمە تایبەتە بە بەخششە هونەرییەکانی کە ئەویش خۆی لە)سروود و گۆرانییەکان(ی دا دەبینێتەوە، بۆیە لەباسی ژیانی دلێردا زیاتر باس لە چۆنێیەتی کاری هونەری دەکەین.

کاریگەری دەوروبەر لەسەر دلێر:

دلێر وەك خۆی ئاماژەی پێداوە لەخانەوادەیەکی ئەدەب و هونەر دۆست چاوی هەڵهێناوە و جگە لەبەهرە و توانای خۆی کاریگەری دەوروبەرەکەشی ڕۆڵی خۆیان دیتووە لەدروست بوونی دلێر وەك شاعیر و هونەرمەند))باوکم کێبخوای گەرەکی بەفری قەندی بوو لەکۆیە، پیاوێکی زەوقاوی و دڵ تەڕ و شیعر دۆست بوو، زۆر شیعری دڵداری لەبەر بوو دەنگی خۆش بوو، لەماڵەوە شەوانی زستان، لەکاتی ماڵ خەوتنان دا ئەم شیعرانەی بەئاوازی مەقامە کوردییەکان، دەگوت، زۆر جاریش لەماڵەوە کۆڕی دادەبەست، گۆرانیبێژی بانگ دەکرد، گۆرانیان دەگوت) ((دەستنوسی خالید دلێر(، دلێر جگە لەباوکی لەخانەوادەکەی دەنگخۆشی تریش هەبوون کە دلێر سوودی لێوەرگرتوون وەك)ئەحمەد رەشیدی ئامۆزای، تایەر تۆفیق کە کۆڕی پورزایی بوو (بەهۆی ئەوەی ماڵی خاڵوانی خەڵکی قەڵادزێ بوون، لەقۆناغی سەرەتایی چەند مانگێك لەوێ خوێندوویەتی و سرووی وتووە، وەك خۆی دەڵێت)) :چەند مانگێکی سەرەتای خوێندنی سالی (1944- 1943)م لە قەڵادزێ خوێند، لەتیپی سروودی قوتابخانەی قەڵادزێ باشترین قوتابی بووم، لەقوتابخانە ئاهەنگێك دەکرا، من سروودم ئەخوێندەوە، کە گەرامەوە کۆیەش هەر هەمان جێگەم لەتیپی سروود پێدرا) ((خالید دلێر، 2012 ،(3، بۆیەکەم جار لەسالی 1948بەشداری ئاهەنگی نەورۆزی کردووە و سروودێکی لەشیعری شاعیری ڕۆژهەڵاتی کوردستان محەمەد نوری وتووە:

باری ئەستۆم دوژمنە وا هێسی کردووە گەردەنم
نامەوێ ئەم ژینە تاڵە یا وەتەن، یا مردنم
دوژمنی بەدخوو، ئەگەر تۆ بکەیە زێڕی وڵات
خاك و خۆڵم، دارو بەردم بۆ بکەیتە حاسیلات
بکەیە سەرداری دونیا، تاجی شاهیم کەی خەڵات
شەرتە تێهەڵدەم لەتاجت، بیگەیەنە ڕۆژهەڵات

حمد نوری، 1946، (32-31

دلێر بەردەوام دەبێ لەگەشەدان بەبەهرەکەی، هەر بۆیە جگە لەوەی شەوان لەکۆڕی گۆرانی و حیکایەت خوانی بەهۆی باوکیەوە ئامادە دەبێت، بەدوای دیوانی شاعیرانیشدا دەگەڕێ و کۆمەڵە شیعرێکی)تاهیر بەگی جاف(ی دەست دەکەوێت و ڕۆژانە دوای خوێندن لە شوێنێکی دوور لەئاوەدانی بەدەنگ و ئاواز ئەو شیعرانە دەخوێنێتەوە، زۆر بەهونەرمەند)تایەر تۆفیق(یش کاریگەر بووە،))لەگۆرانیبێژەکانی کۆیە، بەتایبەتی لەدەنگ و گۆرانییەکانی)تاهیر تۆفیق(ی هونەرمەند، ئارەزوویەکی زۆرم کەوتە سەر گۆرانی وتن) ((دەستنووسی خالید دلێر(، دلێر لەئاهەنگەکانی قوتابخانە بەردەوام دەبێت لەوتنی سروود و گۆرانی تا سالی 1953بەهۆی بەشداری خۆپیشاندانەوە دەگیرێ و دواتر کۆیە جێ دەهێڵێ و لە سالی 1954بۆ کار و خوێندن ڕوو دەکاتە بەغدا، لەپایزی هەمان ساڵ دەچێتە کەرکوك و بەدوای کاردا دەگەڕێ، دوای ماوەیەك لەشەریکەی نەوت دادەمەزرێ و دوبارە دریژە بەکارە ئەدەبی و هونەرییەکانی دەدات، لەسالی 1954 یەکەم گۆرانی دادەنێ لەئاواز و هۆنراوەی خۆی بەناوی)پرسیار(، لەسالی 1956 یەکەم سروود دادەنێ لەئاواز و هۆنراوەی خۆی بەناوی)کۆڕانی کوردستان(، لەسالی 1957چوار گۆرانی دادەنێ و دەیبات بۆ ئێزگەی کوردی لەبەغدا، دووانی بۆ تۆمارەدەکەن، سالی 1958دیسان لەمانگی نەورۆز سێ گۆرانیتر دەبا بۆ ئێزگە، دوای تۆمارکردن و بڵاوکردنەوەی، قەدەغەدەکرێت تا شۆڕشی 14ی تەموزی 1958، دوای 14تەموز زوو زوو دەچێ بۆ ئێزگە بۆ تۆمارکردنی سروود، وەك سروودەکانی)ئەژین ئەژین، بەخێربێنەوە، عەبدولکەریم تۆ پێشەوای، (...تا لە 16/9/1961دەگیرێ و لەبەندینخانەی)تسن (لەشاری کەرکوك دوو سروود دادەنێ لەهۆنراوە و ئاوازی خۆی)پێشمەرگەین، ئێمە ڕۆڵەی کوردین (لەنەورۆزی 1965 لە شاری هەمەدان سروودی)ساڵێکی تریش واداهاتەوە (لەهۆنراوە و ئاوازی خۆی دادەنێ و لەئاهەنگی نەورۆز بەدەنگی شەهید جەعفەری برای پێشکەش دەکرێت، سالی 1968سروودێکی تر بۆ نەورۆز دادەنێ بەناوی)جەژنی کورد (لەهۆنراوە و ئاوازی خۆی، لەنەورۆزی 1970 دا، بەبۆنەی 11ی ئازارەوە، سروودی)ئۆتۆنۆمی (دادەنێ و ئاهەنگەکە لەناوچەی)سەلمان پاك (دەکرێت و پێشکەشی دەکات، لەدوای سالی 1970لەسروود دانان دوور دەکەوێتەوە و تواناکانی خۆی بۆ دانانی گۆرانی بەهۆنراوە و ئاوازەوە تەرخان دەکات، چەندان گۆرانی شاکار ئامادە دەکات و بەدەنگی هونەرمەندان)عەباس محەمەد، شەمال حەمە تۆفیق، خەڵات خالید دلێر، سەلاح مەجید (لە تیپەکانی سلێمانی و مەولەوی و کۆیە (تۆمار دەکرێن.

6. تەوەرەی پێنجەم:

6.1 یەکەم: سروود لای خالید دلێر:

دلێر وەك لەتەوەرەی چوارەم ئاماژەمان پێکردووە، لەمندالیەوە چۆتە ناو جیهانی ئاواز و گۆرانی و سروود، گەشەی بەبەهرە و خولیاکانی داوە، وەك کەسێکی نیشتیمان پەروەر لەبایەخی سروود گەیشتووە، چەند کاریگەرە لەکات و شوێنی خۆی بۆ سەر دڵ و دەروونی جەماوەر))هەر لەتەمەنی هەرزەکاریدا خولیای هونەر و مۆسیقا و شیعر بووە، لەماوەی ژیانیدا خاوەنی چەندین شیعر و سروودی نیشتیمانی بووە (( )عەبدولخالیق عەلائەدین، 2014، (328، دلێر دوای ئەوەی لەشاری کەرکوك دەگیرسێتەوە لەسالی 1956یەکەم سروود بەناوی)کۆڕانی کوردستان (دادەنێت لەهۆنراوە و ئاوازی خۆی:

کە ئێمە کۆڕی شاخ و کێو و کەژین
وڵات فێڕی کردووین بەمەردی بژین
بەدەرسێ کەهەوڵ و خەباتە لەژین
قەڵای سەختی دوژمن ئەخەینە هەژین

(خالید دلێر، 2012، 6)

دلێر لەدوای دانانی سروودی)کۆڕانی کوردستان (بەردەوام دەبێت لەدانانی سروود تا لەساڵی 1970، لەدوای ڕاپەڕینیش دوو سروودی تر)زەحمەت کێشان، شەهیدانی کوردستان (دادەنێت، سروودەکانی دلێر هاوشانی تفەنگی پێشمەرگە دووانەی خەبات و بەرەنگار بوونەوە و جێی تێڕامان بووە،))مۆزیك و سروود و هۆنراوەی بزوێنەری هەستی کوردایەتی و نیشتیمانپەروەری بەمەقام گوتن، هیچ کاتێك لەپێشمەرگایەتی و بەرگریکردن لەخاك و نەتەوە کەمتزنەبووە، یەکێك لەو کەڵە هونەرمەندانەی ڕێزی پێشەوەی ئەم بوارەش هەم شاعری کوردایەتی و ئاودەری گیانی نیشتیمانپەروەری و هەم ئاوازدانەری لێهاتووی)سروود (و گۆرانی کۆچکردوو خارە خالید بووە) ((وریا ئەحمەد، 2015، (85، سەرجەم سروودەکانی دلێر (14)سروودن، (13)سروود، وریا ئەحمەد نۆتە و هۆنراوەکانی نوسیوەتەوە، لێرە دا لیستی ناو و ئاواز و هۆنراوەی سروودەکان دەخەینە ڕوو:

لیستێك بەناوی سەرجەم سروودەکان

ژ	ناوی سروود	هۆنراوە و ئاواز	نۆتە	وتنی	ئا. میوزیك	ناوە خۆڕسکەکەی
1	کۆڕانی کوردستان	خالید دلێر	وریا ئەحمەد	کۆرس	کە ئێمە ڕۆڵەی شاخ و...	
2	سەربازی ئازادی	خالید دلێر	وریا ئەحمەد	کۆرس	کە ئێمە سەربازی ئازادین	
3	ئەژین	خالید دلێر	وریا ئەحمەد	کۆرس	ئەژین ئەژین	
4	بەخێربێنەوە	خالید دلێر	وریا ئەحمەد	کۆرس	بەخێربێنەوە بەخێربێنەوە	
5	عەبدولکەریم	خالید دلێر	دڵدار وریا	کۆرس	عەبدولکەریم تۆ پێشەوای	
6	ئاشتی	خالید دلێر	وریا ئەحمەد	کۆرس	-	
7	ئیجازەی پارتی	خالید دلێر	وریا ئەحمەد	خالید دلێر	هەڵسن خوشك و برایان هەڵسن	
8	پێشمەرگەین	خالید دلێر	دڵدار وریا	خالید دلێر	پێشمەرگەی کوردستان	
9	ئێمە ڕۆڵەی کوردین	خالید دلێر	خالید سەرکار	خالید دلێر	فەرەیدون دارتاش	ڕۆڵەی کورد
10	نەورۆزی دوور وڵات	خالید دلێر	دڵدار وریا	خالید دلێر	ئەنوەر قەرەداغی	ساڵێکی تریش وا داهاتەوە
11	جەژنی کورد	خالید دلێر	خالید سەرکار	خالید دلێر	خالید دلێر	هەر ساڵە نەورۆز بێتەوە
12	ئۆتۆنۆمی	خالید دلێر	وریا ئەحمەد	خالید دلێر	-	
13	شەهیدانی کوردستان	خالید دلێر	وریا ئەحمەد	خالید دلێر	سروودی نەمران	

لەم لیستەی خستومانەتە ڕوو ناوی سەرجەم سروودەکانی دلێرە، جگە لەسروودی (زەحمەت کێشان) کە لەم لیستەدا نییە، دوای ئەم بەرچاو ڕوونییە هەوڵ دەدەین سروودەکان شیبکەینەوە و هەوێن و مێژووی سەرهەڵدانیان باس بکەین:

1. سروودی (کۆڕانی کوردستان)

یەکەم سروودی)دلێر(ە و لەساڵی 1956داینناوە لەساڵی 1958لەئێزگەی کوردی بەغدا تۆماری کردووە، لەم سروودەدا، سروود بێژ دڵسۆزی ڕۆڵەکانی نیشتیمان دەخاتەڕوو، کە تا دوا لوتکەی سەرکەوتن و بەزینی دوژمن کۆڵنادەن و بەردەوام دەبن لەخەبات، لەکۆتاییدا موژدە دەداتە وڵات، کە بەهۆی گیانبازی ڕۆڵەکانی نەخشەی دوژمنیان سڕیوەتەوە و بەسەرکەوتن گەیشتوون.

ئێمە کـوڕی شاخ و کێو و کەژیـــن
وڵات فێری کردووین بەمەردی بژیـــن
بە دەرسێ کە هەوڵ و خەباتە لەژیـــن
قەڵای سەختی دوژمن ئەخەینە هەژیـن

****

بەڵێن بێ وڵات هەڵگرین دەرسی تـــۆ
نەوەستین هەتاکو ئەبین سەربەخـــــۆ
بەخت کەین لەڕێت ماڵ و سەر بێ درۆ
هەتا هێزی دوژمن ئەکـەین ڕەنجـــەڕۆ
****

وەتەن موژدەبێ گەڵ بەهۆی کـــردەوە
بەخوێنی کوڕی گیانفیدا و گـــوردەوە
هەمـــوو نەخشەیەکی بەدی سڕیـــــەوە
لەکۆڕ گۆی ژیانی بەزۆر بـــــــردەوە

****

2. سروودی (ئێمە سەربازی ئازادین)

دوای شۆڕشی 14ی تەموز، هەموو ئازادیخوازانی عیراق بەکوردستانیشەوە، چاوەڕێی گۆڕانکاری گەورە و بەدیهێنانی ئەو هیوایانە بوون کە ساڵانێکی زۆر بۆی تێکۆشابوون، بۆیە زۆر لەشاعیر و هونەرمەندە دڵسۆزەکان هۆنراوە و سروودیان بەباڵای ئەم شۆڕشەدا هەڵدەگوت، دلێریش یەکێك بووە لەو ئازادیخوازانە کە سروودی بۆ ئەم شۆڕشە وتووە، ناورۆکی ئەم سروودەش لەو بابەتەیە کە ئاماژەمان پێدا، هەموو خۆ بەسەرباز و فیداکاری ئەم شۆڕشە دەزان بۆ بەدیهێنانی خۆشی و شادی بۆ گەل، بەڵام بەداخەوە ئەوەی چاوەڕێ نەبوون، ڕویدا، بەجۆرێ شاعیر و هونەرمەندان لەوشە و ئاوازەکانیان پەشیمان ببنەوە:

ئێمـە سەربـازی ئـازادیـــن
پارێزگـاری خۆشی و شادیـن
ئێمە سەربازی ئازادیـــن
دەستهێنەری خۆشی و شادین
دوژمنی جەور و بێدادیـــن

Original Article | http://dx.doi.org/10.14500/krc2019.Gen268

دوژمنی جەور و بێدادیــن
****
قایمتر لەقەڵای پــــۆڵا
تــا بڵێی ئازاو نەقۆڵا
دوژمن مەرگی خۆی ئەبینێ
کاتێ چەک ئەدەین بەکۆڵا
ئێمە سەربازی ئازادیــــن
****
تەنیا نین لەم ڕێگەو بانە
ڕێـــی ئـــــازادیی
هەموو جیهان لەگەڵمانە
بـــۆ ئـــــازادی
هۆی ئاشتی و شادی گەلانە
ئازادی ئــەم کوردستانە
تەنیا نین لەم ڕێگە و بانە
ئێمە سەربازی ئازادیــــن

3. سروودی (ئەژین ئەژین)

ئەم سروودە دوای شۆڕشی 14ی تەموزی 1958لە ئێستگەی کوردی بەغدا تۆمار کراوە، دڵێر لەم سروودەدا ناخی گەلێکی چەوساوەی وەک کورد نیشان دەدات، چەند پاک و ئاشتی خوازە بەپێچەوانەی دوژمنان، دوژمن لای دڵێر ئیمپریالیزم و نۆکەرەکانییەتی، باس لەئازایەتی نەوەی کاوە دەکات کە هەرگیز نەبەزیوە، لەئاست دوژمن دا یەکبوونە، بەداخەوە یەکێک لە هۆکارەکانی سەرنەکەوتنمان یەک نەبوونە، گەرچی شاعیر و هونەرمەندان زۆریان بۆ یەکیەتی و تەبایی وتووە وەکو دڵێر:

ئەژین بە پێچەوانەی دوژمنانمان ئەژین
ئەچین بەرەو ئاشتی بەرەو ئازادی
ئەچین
ئەژین ئەژین
****
گەلێکی کۆڵنەدەرین

وازناهێنین وازناهێنین
هاتا تۆڵەی رابردومان نەسێنین
هەر ئەیسێنین
دوا بە ئیمپریالیزم ئەهێنین
پێی ئەهێنین
ئەژین ئەژین
****
نەوەی کاوە لەکام ڕۆژا بەزیوە
کەی بەزیوە
چ کاتێ کۆسپی هەبووە
نەبڕیوە
وەیا کەی لەخەبات کۆڵدانی دیوە
قەت نەدیوە
ئەژین ئەژین
****
لەمێژوومان پرسە
چۆن گەلێکین چۆن گەلێکین
لەبۆ فەوتانی دوژمن
چۆن گەلێکین چۆن گەلێکین
لەگەڵ هەوڵ و خەباتا
ئێمە یەکین ئێمە یەکین
ئەژین ئەژین

ئەم سروودە بەبۆنەی گەڕانەوەی مەلا مستەفا و هاوڕێکانی وتراوە، دوای ڕوخانی کۆماری مەهاباد، ئاوارەی وڵاتی ڕوسیا ببون، لەگەڵ سەرکەوتنی شۆڕشی 14ی تەموزی 1958، لەڕێی بروسکەیەك داوای گەڕانەوە بۆ عیراق دەکەن، وەك دڵێر دەڵێت) :ئەو ئێوارەیەی بروسکەی گەڕانەوەیان خوێندرایەوە لەئێزگەی کوردی، هاوین بوو سعات شەش بوو، لەدوای شۆڕشی 14ی تەموز، ڕۆژەکەیم لەبیر نییە، مەلا مستەفا و میر حاج ئەحمەد و ئەسعەد خۆشەوی بروسکەیان ناردبوو کەدێنەوە بۆ پیرۆزبایی شۆڕشی تەموز، ئەگەر ڕێگەیان بدەن، عەبدولکەریم وەڵانی دانەوە، بەخێرێنەوە بۆ وڵاتی خۆتان، ئیتر ئەم ئێوارەیە هێندەی پێنەچوو سروودێکم لەسەر هاتنەوەی بەرزانییەکان دانا، بەشیعر و ئاوازەکەیەوە هەمووی سەعاتێکی پێنەچوو) ((خالید دڵێر، 2003، (155دڵێر لەم سروودەدا بەخێرهاتنەوەی ئەو کۆمەڵە تێکۆشەرە ئاوارەیە دەکات بۆ باوەشی وڵاتی خۆیان، کە لەپێناو ژیانێکی سەربەرزانە دەربەدەر بوون و گەڕانەوەشیان مایەی سەرکەوتنە گەر لەڕێی خەبات لانەدەن، بەدڵنیایی بەئاوات دەگەین:
ئەمەش تێکستی ئەو سروودەیە:

بەخێرێنەوە بەخێرێنەوە
وەتەن باوەشی بۆ کردوونەوە
بەخێرێنەوە
****
بەخێرێنەوە وەتەن پەروەران
بەخێرێنەوە ئەی دەربەدەران
هاوڕێی هەژار و چینی ڕەنجدەران
بەخێرێنەوە
****
مێژووی خەباتی کوردی قارەمان
دیاری ئەخا بۆ خەڵکی جیهان
کەوا نابەزین لەبۆ دوژمنان
کە کورد نابەزێ لەبۆ دوژمنان
بەخێرێنەوە
****
بۆ ئەو کەسانەی بۆ ئاشتی و ژیان

پیشەی ئەوان بوو خەبات تێکۆشان
هەتا بەدوژمن سەریان دانەوان
باتێکڕا بڵێین

4. سروودی (هەخێڕبێنەوە):

ئەم سروودە بەبۆنەی گەڕانەوەی مەلا مستەفا و هاوڕێکانی وتراوە، دوای ڕوخانی کۆماری مەهاباد، ئاوارەی وڵاتی ڕوسیا ببون، لەگەڵ سەرکەوتنی شۆڕشی 14ی تەموزی 1958، لەڕێی بروسکەیەك داوای گەڕانەوە بۆ عیراق دەکەن، وەك دلێر دەڵێت) :ئەو ئێوارەیەی بروسکەی گەڕانەوەیان خوێندرایەوە لەئێزگەی کوردی، هاوین بوو سعات شەش بوو، لەدوای شۆڕشی 14ی تەموز، ڕۆژەکەیم لەبیر نییە، مەلا مستەفا و میر حاج ئەحمەد و ئەسعەد خۆشەوی بروسکەیان ناردبوو کەدێنەوە بۆ پیرۆزبایی شۆڕشی تەموز، ئەگەر ڕێگەیان بدەن، عەبدولکەریم وەڵانی دانەوە، بەخێڕبێنەوە بۆ وڵاتی خۆتان، ئیتر ئەم ئێوارەیە هێندەی پێنەچوو سروودێکم لەسەر هاتنەوەی بەرزانییەکان دانا، بەشیعر و ئاوازەکەیەوە هەمووی سەعاتێکی پێنەچوو) ((خالید دلێر، 2003، (155دلێر لەم سروودەدا بەخێڕهاتنەوەی ئەو کۆمەڵە تێکۆشەرە ئاوارەیە دەکات بۆ باوەشی وڵاتی خۆیان، کە لەپێناو ژیانێکی سەربەرزانە دەربەدەر بوون و گەڕانەوەشیان مایەی سەرکەوتنە گەر لەڕێی خەبات لانەدەن، بەدڵنیایی بەئاوات دەگەین:
ئەمەش تێکستی ئەو سروودەیە:

بەخێڕبێنەوە بەخێڕبێنەوە
وەتەن باوەشی بۆ کردوونەوە
بەخێڕبێنەوە
****
بەخێڕبێنەوە وەتەن پەروەران
بەخێڕبێنەوە ئەی دەربەدەران
هاوڕێی هەژار و چینی ڕەنجدەران
بەخێڕبێنەوە
****
مێژووی خەباتی کوردی قارەمان
دیاری ئەخا بۆ خەڵکی جیهان
کەوا نابەزین لەبۆ دوژمنان
کە کورد نابەزێ لەبۆ دوژمنان
بەخێڕبێنەوە
****
بۆ ئەو کەسانەی بۆ ئاشتی و ژیان
پیشەی ئەوان بوو خەبات تێکۆشان
هەتا بەدوژمن سەریان دانەوان
بەخێڕبێنەوە

5. سروودی (عەبدولکەریم تۆ پێشەوای) :

شۆڕشی 14ی تەموزە 1958لەعیراق وەرچەرخانێکی گەورە بوو لە ژیانی خەڵکی عیراق، ڕووخانی ڕژێمی پاشایەتی و هاتنەکایەی ڕژێمی کۆماری و عەبدولکەریم وەك پێشەوا و ڕابەری ئەم شۆڕشە ببوە خۆشەویستی سەرجەم عیراقییەکان بەبێ جیاوازی، گەرچی ئەم شادی و خۆشیە، لای کورد تەمەنی کورت بوو، ئەو برایەتییەی باس دەکرا، هێندەی نەخایەند گرژی و ئاڵۆزی وڵاتی گرتەوە و عەبدولکەریم ئەو خۆشەویستییەی هەیبوو لەدەستی دا، زۆر لەشاعیر و هونەرمەندان و پاشگەز بوونەوە لەو شیعر و سروودانەی بەباڵای عەبدولکەریمیان دا هەڵگوتبوو، دلێریش یەکێك بوو لەو سروود بێژانەی پەشیمان بوو))من ئەو سروودەم لەسەرەتای شۆڕشی 14ی تەموز دانا، جارێ سیاسەتی پڕن هەڵبازی و میللەت لەیەکتر بەردانی عەبدولکەریم بۆ خەڵك دەرنەکەوتبوو) ((خالید دلێر، 2002، 24)،

عەبدولکەریم تۆ پێشەوای
دوژمنی کاری نـــاپەوای
عەبدولکەریم تۆ پێشەوای
تـــۆ پێشـــــەوای
****
کورد و عەرەب هەردوو بـرا
شووڕەن بەدەوری پێشـەوا
بەشیر و خەنجەری دەبـان
ئـەپارێزن کۆماریـان
عەبدولکەریم عەبدولکەریم
****
ئامانجمان لەم یەکگرتنـە
پیلان و شەڕ گۆڕ کردنـــە
بۆ هەردوولا ئازادییـــە
ئاشتی و ژیان و شادییـــە
عەبدولکەریم عەبدولکەریم

6. سروودی (ئاشتی): باتێکڕا بڵێین

ئەم سروودە لەگرنگی ئاشتی بۆ هەموان دەدوێ، باس لەقێزەونی شەڕ دەکات و جگە لەماڵ وێرانی و کارەسات هیچیتری پێ نییە بۆ مرۆڤایەتی، ئەوەی ژیان بەرەو پێش دەبا و جوانتری دەکات هەر)ئاشتی(یە، بۆیە باهەموومان ئاشتی خوازین، ئەمە مەبەستی سروودەکەیە کە شیعر و ئاوازی دلێر خۆیەتی:

بڕی بابڕی بڕی ئاشتی لەجیهانـا
بمرێ بابمرێ ئەوەی دوژمنی گەلانە
****
دەمانەوێ لەسەر لوتکەی کێوی وڵات
دروست بکەین باخ و شەقـــــام
کـــــۆشکـــی دەقـــــات
شـــەڕ بەدە نـامـــــانەوێ
جەنگ بـــەدە نـامـانەوێ
نـــامەوێ بۆمبـای ئـەتۆم
وڵاتەکـــــم وێران بکـــات
بـــــــڕی بـــــڕی
****
ژیان، هیوا، دایکایەتی، جوانی منـاڵ

هونەروەری، زانیاری، بەرهەمی خەیاڵ
لـەگەلان داوا ئەکـــــەن
لـەگەلان داوا ئـــــەکەن
لابـدەن سەرمایەدارانی چەپەڵ
بـــــۆ شـــــەڕو دەڵاڵ
بـــــژی بـــــژی

7. سروودی)ئیجازەی پارتی)

دلێر وەك کادیرێکی هۆشیار و دووربین، بەر لەوەی بەفەرمی مۆڵەتی کارکردن بدرێ بە پارتی دیموکراتی کوردستان، دلێر بیر لەدانانی سروودێك دەکاتەوە بۆ ئەو ڕۆژەی پێدانی مۆڵەت ڕادەگەیەندرێت))سروودی)پارتی (بەر لە(8)ی شوباتی 1960) کە ڕۆژی ئیجازەی ئیشکردن بوو بەپارتی، ئەو ڕۆژەی خەبەری ئیجازەپێدانمانزانی، هیچ بەیان و جارنامان نەکرد، تەنیا لەبارەگاکەمانەوە ئەو سروودەمان خستە سەر ڕیکۆردەرێك و بڵاومان کردەوە، چارەگێکێ پێنەچوو، هەموو جەماوەری کەرکوك هاتنە بەر دەرگەی بارەگاکەمان و کرا بەشایی ((ناوەڕۆکی سروودەکە باس لەپارتی دیموکراتی کوردستان و خەباتی ئاشکرا دەکات، لەژێر سایەی ئەم پارتە هیوای زۆر دەخوازێ، وەك نەمانی ئیستعمار لەعیراق و نەمانی جیاوازی نەتەوایەتی و دروست کردنی کوردستانێکی ئاسوودە و ئارام بۆ هەموو چین و توێژەکان:

هەڵسن خوشک و برایان هەڵسن
ئەمـــــرۆ ڕۆژی شادیە
ڕۆژی ئیـجازەدانـــــی
پارتی دیموکراتیـــــە
هەڵسن خوشک و برایان هەڵسن

****

پـارتی ئەبوو تـا دوێنێ
بـــــەچرپە خەڵک بدوێنێ
کەچی ئەمڕۆ ئـاشکـــــرا
چـــــاڵاکی خۆی ئەنوێنێ
هەڵسن خوشک و برایان هەڵسن

****

ئیتر خـــــەڵکی کوردسـتان
بـــــێ جیاوازی لە زوبان
لـــــــە ژێر ڕابەری ئەوا
خـــــەبات ئەکەن بێ وچان
هـەڵسن هەڵپەڕکێ دابەستن
ئەمڕۆ ڕۆژی شادیـیـــــــە
هەڵسن خوشک و برایان هەڵسن

****

تـــــا عێراق هاوبەشی
لـــــــە ناحەزی ڕووڕەشی
دوور ئـــــەخەن ئەیەن بەرەو
ئـــــەوپەڕی شادی و گەشی
هەڵسن خوشک و برایان هەڵسن

****

تـــــا کوردستانی ڕزگار
هـــی زەحمەتکێشی هەژار
دروسـت ئەکەن بۆ خۆیـان
پاش دەرچوونی ئیستیعمـار
هەڵسن خوشک و برایان هەڵسن

8. سروودی (پێشمەرگەی کوردستان):

ئەم سروودەیە لەناو دڵی دوژمن، لەژووری زیندان هۆنراوە و ئاوازەکەی لەدایك بوون، دوای ئەوەی دلێر لە 16/9/21961 دەگیرێ و لەبەندیخانەی)تسن (وەك وەڵامێك بۆ ئەو وتارەی عەبدولکەریم قاسم لەدەریەندینخان دەیدات و دەڵێ یاخییەکان کۆتاییان هاتووە، دلێر دانانی ئەم سروودە بەباشترین وەڵام دەزانێ)بۆ وەڵامدانەوەی ئەو وڕێنەیەی قاسم دەروونم بەجۆش هات لەسەر)نەزمگرە - ئیقاع(ی هات و چۆکردنم لەناو ژورەکەدا، لەناو ئەو ئازار و ئەشکەنجە و سەختیەدا بۆ جاری یەکەم سروودی)پێشمەرگەی کوردستان (وەك گوتم بەبێ قەڵەم و کاغەز، سەری هەڵداو هاتە کایەوە) ((خالید دلێر، 2003، (85، بەگەواهی یاداشتەکانی دلێر، ئەم سروودە یەکەم سروودی پێشمەرگەیە و تا ئەمڕۆکە ڕۆڵی کاریگەری دیتوە لەجۆشدانی کۆمەڵانی خەڵك لەکاتی شۆرش و ڕاپەڕینەکاندا، پرە لەحەماسەت و گیانی هاندان و کۆڵ نەدان تا ڕاوونانی دوژمنان و بەسەرکەوتن گەیشتن:

پێشمەرگەین بەهەڵمەتین
پاڵەوانی میللەتین
شێری ڕۆژی زیللەتین
لەپێناوی سەربەخۆیی کوردستان
بەخت دەکەین، ژیانمان، ماڵ و گیان
لەپێناوی سەربەخۆیی کوردستان

****

دەرنەچێ لەخاکمان دوژمنی کافر
دار و بەرد و خۆڵی لێ ئەکەین بەئاگر
هەر بەزووی دەیەزێنین
تا سنوورمان ئەپارێزنن
کوردستانی گەورەی لێ وەیەک دەهێنین

****

زۆری سەرکەش هەوڵی داوە کورد نەهێڵێ
خاکی کوردستان بەبۆمبا و چەک بکێڵێ
هەڵدێراون لەم کێوانە
بونەتە پەندی زەمانە
ئەم وڵاتە گۆڕستانی دوژمنانە

9. سروودی (ڕۆڵەی کورد):

ئەم سروودەش هەر لەبەندیخانەی)تسن (هۆنراوە و ئاوازەکەی دانراوە، دلێر لەم سروودە باس لەشۆڕشگێڕی کورد دەکات کە)نەوەی کاوە(ن و هەرگیز چۆکدانادەن بۆ دوژمنان و لەپێناو ئازادی و سەندنەوەی مافی)دزراو (خەبات دەکەن بێوچان، ئەم سروودە دواتر لەساڵی 1974تیپی مۆسیقای شۆڕش تۆماری

دەکەن، بەڵام دڵێر دەڵێت)) :بەڵام کۆپلەی دواییان بەهەڵەیەکی بچوکەوە تۆمار کردووە، وشەی _دز(یان بە)دژ (تۆمار کردووە) ((خالید دڵێر، 2002، (26، ئەم سروودەش یەکێکە لەشاکارەکانی هونەری سروود و کاریگەری بەردەوامە:

ئێمە ڕۆڵەی کوردین، ئێمە ڕۆڵەی کوردین
ئێمە ڕۆڵەی کاوەی نەبەردین
ئێمە ڕۆڵەی کاوەی نەبەردین

****

دەبا بزانن خائینان
ئێمە کۆڕانی میللەتین
دەبا بزانن دوژمنان
خاوەن توانا و هێمەتین
لەمافی کورد، وازناهێنین بۆ سەندنی،
بەهەڵمەتین
دەبا بزانن، دەبا بزانن، دەبا بزانن

****

دوور ئـــەخەن ئەیەن بەرەو
ئـــەوپەڕی شادی و گەشی
هەڵسن خوشک و برایان هەڵسن

***

تـــا کوردستانی ڕزگار
هـی زەحمەتکێشی هەژار
دروست ئەکەن بۆ خۆیـان
پاش دەرچوونی ئیستیعمـار
هەڵسن خوشک و برایان هەڵسن

10. سروودی (پێشمەرگەی کوردستان)

ئەم سروودەیە لەناو دڵی دوژمن، لەژووری زیندان هۆنراوە و ئاوازەکەی لەدایك بوون، دوای ئەوەی دڵێر لە 16/9/21961دەگیرێ و لەبەندیخانەی)تسن (وەك وەڵامێك بۆ ئەو وتارەی عەبدولکەریم قاسم لەدەربەندینخان دەیدات و دەڵێ یاخییەکان کۆتاییان هاتووە، دڵێر دانانی ئەم سروودە بەباشترین وەڵام دەزانێ)بۆ وەڵامدانەوەی ئەو وڕێنەیەی قاسم دەروونم بەجۆش هات لەسەر)نەزمگرە - ئیقاع(ی هات و چۆکردنم لەناو ژورەکەدا، لەناو ئەو ئازار و ئەشکەنجە و سەختیەدا بۆ جاری یەکەم سروودی)پێشمەرگەی کوردستان (وەك گوتم بەبێ قەڵەم و کاغەز، سەری هەڵداو هاتە کایەوە) ((خالید دڵێر، 2003، (85، بەگەواهی یاداشتەکانی دڵێر، ئەم سروودە یەکەم سروودی پێشمەرگەیە و تا ئەمڕۆکە ڕۆڵی کاریگەری دیتوە لەجۆشدانی کۆمەڵانی خەڵك لەکاتی شۆڕش و ڕاپەڕینەکاندا، پڕە لەحەماسەت و گیانی هاندان و کۆڵ نەدان تا ڕاوونانی دوژمنان و بەسەرکەوتن گەیشتن:

پێشمەرگەین بەهەڵمەتین
پاڵەوانی میللەتین
شێری ڕۆژی زیللەتین
لەپێناوی سەربەخۆیی کوردستان
بەخت دەکەین، ژیانمان، ماڵ و گیان
لەپێناوی سەربەخۆیی کوردستان

****

دەرنەچێ لەخاکمان دوژمنی کافر
دار و بەرد و خۆڵی لێ ئەکەین بەئاگر
هەر بەزووی دەیەزێنین
تا سنوورمان ئەپڕێنن
کوردستانی گەورەی لێ وەیەک دەهێنین

****

زۆری سەرکەش هەوڵی داوە کورد نەهێڵێ
خاکی کوردستان بەبۆمبا و چەک بکێڵێ
هەڵدێراون لەم کێوانە
بونەتە پەندی زەمانە
ئەم وڵاتە گۆڕستانی دوژمنانە

11. سروودی (ڕۆڵەی کورد):

ئەم سروودەش هەر لەبەندیخانەی)تسن (هۆنراوە و ئاوازەکەی دانراوە، دڵێر لەم سروودە باس لەشۆڕشگێڕی کورد دەکات کە)نەوەی کاوە(ن و هەرگیز چۆکدانادەن بۆ دوژمنان و لەپێناو ئازادی و سەندنەوەی مافی)دزراو (خەبات دەکەن بێوچان، ئەم سروودە دواتر لەساڵی 1974تیپی مۆسیقای شۆڕش تۆماری دەکەن، بەڵام دڵێر دەڵێت)) :بەڵام کۆپلەی دواییان بەهەڵەیەکی بچوکەوە تۆمار کردووە، وشەی _دز(یان بە)دژ (تۆمار کردووە) ((خالید دڵێر، 2002، (26، ئەم سروودەش یەکێکە لەشاکارەکانی هونەری سروود و کاریگەری بەردەوامە:

ئێمە ڕۆڵەی کوردین، ئێمە ڕۆڵەی کوردین
ئێمە ڕۆڵەی کاوەی نەبەردین
ئێمە ڕۆڵەی کاوەی نەبەردین

****

دەبا بزانن خائینان
ئێمە کۆڕانی میللەتین
دەبا بزانن دوژمنان
خاوەن توانا و هێمەتین
لەمافی کورد، وازناهێنین بۆ سەندنی،
بەهەڵمەتین
دەبا بزانن، دەبا بزانن، دەبا بزانن

****

بۆ کەسی دانەنواندووە سەر
لەو ڕۆژەوەی کە کورد هەیە
ئێمەی کۆڕانی ئەم سەدەش
سەر دانەنێین لەم ڕێگەیە
پیاوەتی و ئازایەتی
کە خوو و ڕەوشتی ئێمەیە
دەبا بزانن، دەبا بزانن، دەبا بزانن

****

بۆ سەندنەوەی مافی گەل و

پاککردنەوەی وڵاتمان
لەداگیرکەر و خوێنمژان
دزی ڕەنج و بەرامتمان
شۆڕش ئەکەین، هەوڵ ئەدەین
بەجۆش ئەکەین خەباتمان
دەبا بژانن، دەبا بژانن، دەبا بژانن

12. سروودی (هورۆزی دوور وڵات):

ئەم سروودەش لەڕۆژی دانانیەوە لە نەورۆزی 1965 هوە، یەکێکە لەو سروودانەی نەورۆز کە بۆتە وێردی سەرزاری خەڵکی کورد و دڵسۆزانی خاك و گەل، سروودەکە وەك دڵێر دەڵێت)) :کۆپلەی دووەم ڕاستیپەکەی دیالیکتیك و کۆپلەی سێیەم قسەیەکی)لینین(ی مەزنی تێدایە) ((خالید دلێر، 2003، (76، سروودەکە لەشاری هەمەدانی ئێران دانراوە، دلێر گوڵی سوور دەبەخشێتە هەر کەسێك مەشخەڵی شۆڕش هەڵبکاتەوە، بەڵام بەداخەوە دواتر سروودبێژان بە هەڵە دەیڵێن و ئەمەش جێی گلەیی دەبێ لای دلێر، لەجیاتی)ئێمەش سڵاو لەدوور وڵاتەوە (کراوە بە)سڵاو لەکاکی دوور وڵاتەوە(، ئەم دوو دێرە لەئامادەکردنەکەی مامۆستا وریا ئەحمەدیش دانیە:

هەوڵدانی)مەرگ (بۆ)ژیان کوشتن)
دەزگای)هەمیشە مردن (داڕشتن
بێسوود بوو، ئێستا نیشانەی ژیان
کە هەمە جۆرە گوڵن، درشتن

(دلێر، 2003، 76)

ئەو سروودە چەندان سروودبێژ وتوویانە، بەڵام هەڵەکە چۆن هاتووە گواستراوەتەوە، تا لەدواجار هونەرمەند)عوسمان عەلی (لەبەرنامەیەکی سەتەلایتی کوردسات لە نەورۆزی 2005بەتۆمار کردنی سروودەکە، هەڵەکە ڕاستدەکاتەوە:

سڵێکی تریش وا داهاتـــەوە
ڕۆژی نەورۆزی کورد هەڵهاتـەوە
بەم هاتنەوەیە نەورۆز ئەم جارەش
دەرسی تێکۆشان دا ئەداتـــەوە
****
ئێمەش سڵاو لە دوور وڵاتـــــەوە
بەگوڵی سووری ڕێی خەباتـــەوە
دەڵێین بۆ هەر نەبەردێ کـــەوا
مەشخەڵی شۆڕش هەڵبکاتـــەوە
****
لەگەڵ نەورۆزا دەرکەوت نیشانـە
هی ریسوا بوونی ئەو ڕوو ڕەشانـە
بەپێچەوانەی ئارەزووی مـــــردن
میللەت بەجارێ لەتێکۆشانـــە
****
هەندێ ویستیان کورد سەردانەوێنێ
لە ڕێگەی خەباتـا لادا و وازبێنێ
چۆن واز دەهێنێ لەڕێێ کـــــەوا
بـــــەختیاری تەنیا لەودا ببینێ

13. سروودی (جەژنی کورد):

ئەم سروودەش بۆ نەورۆز وتراوە، دلێر لەم سروودەدا، هەموو خۆشیەکانی ژیان بەهاتنی نەورۆز گرێ دەدات، نەورۆز بەهارە، نەورۆز ڕەمزی نەبەزین و تێکۆشانە، جەژنی دێرینە، یادی کاوەی نەبەردە، ئاسۆی ڕووناکی کوردە، لای دلێر ئەم سروودە، جوانترین سروودە و پڕە لەوردەکاری بەڵام نرخی خۆی نەدراوەتێ))سروودی)جەژنی کورد (لەشیعرەکەی و ئاوازەکەی دا، پڕ لەنەخش و نیگار و وردەکاریە، لەوانەیە بڵێم لەخۆشترین سروودەکانی منە، جەماروە نرخی تایبەتی خۆی نەداوەتێ، بەڵای منەوە ئەم سروودە لەوانەیە هونەریترین سروودی کوردی بێ) ((خالید دلێر، 2012، (16، ئەم سروودە لەساڵی 1968دانراوە، بەڵام لەنیسانی 1969لەگەڵ تیپی مۆسیقای سلێمانی، ئاهەنگێك کە بۆ نەورۆز لەبەغدا ساز کرابوو، تۆمارکراوە:

هەر ساڵێ نەورۆز بێتـــەوە
موژدێکی خۆش دێنێتـەوە
کوردان ئـەبووژێنێتـــــــەوە
هەر ساڵێ نەورۆز بێتـــەوە
****
ڕزگار بوونی کوردایەتـــی
لەم مەینەتەی تیایەتـــی
مژدەی خۆشی ئێستایەتـــی
نەورۆز بەهاری کـــــوردە
جەژنی دێرینی کـــــوردە
نەورۆز بەهـــــــارە
نەورۆز بەهـــــــارە
****
نەورۆز ڕەمزی نەبەزینـــە
هی هەمیشەمان و ژینـــە
هی هەڵمەت و ڕاپەڕینـــە
نەورۆز بەهاری کـــــوردە
ڕۆژی دیاری کـــــوردە
نەورۆز بەهـــــــارە
نەورۆز بەهـــــــارە
****
نەورۆز جەژنی ئیشکـــەرە
هی پاڵە و هەژار و ڕەنجدەرە
یادی کاوەی ئاسنگـــەرە
ڕۆژی شیرینی کـــــوردە
جەژنی دێرینی کـــــوردە
نەورۆز بەهـــــــارە
نەورۆز بەهـــــــارە

14. سروودی (ئۆتۆنۆمی):

ئەم سروودە بەبۆنەی بەیانی 11ی ئازاری 1970دانراوە، کەڕێکەوتن لەنێوان حکومەتی عیراق و کورد کرا، مافی کورد لەچوارچێوەی ئۆتۆنۆمی بدرێ بەکورد، بەڵام دوای چوارساڵ جێبەجێ نەبوو، دلێر لەم سروودە گفت و گۆیەك لەگەڵ چەمکی)ئۆتۆنۆمی (دەکات کە دەمێکە بۆ گەیشتن بەم مافە تێدەکۆشێت:
بۆیە ئەگەر ئەو مافە دەستەبەرێت، ئەوا ئازار و ناخۆشی و جەور و ستەم کۆتای دێت، لەسایەی)ئۆتۆنۆمی (ڕەنجدەران دەحەسێنەوە، کوردستان دەگەشێتەوە:

ئەی ئۆتۆنۆمی ئەی ئۆتۆنۆمی
ئاواتی خۆشی کۆنینەی خۆمی
ئاواتی خۆمی ئەی ئۆتۆنۆمی
ئەی ئۆتۆنۆمی ئاواتی خۆمی
****
لەتۆیان دەوێ خەڵکی هەموویان
برینی ئێستا و ئ ڕابردوویان
ساڕێژکەی ماف و خۆشی وسەربەستی
هەر کەس هەق خۆی بخەیتە دەستی
ئەی ئۆتۆنۆمی ئەی ئۆتۆنۆمی
***
ژیان بەرەو پێش ئەڕوا هەمیشە
قەت نەوەستانی کردووە بەپیشە
ئێمەش لەم ڕێیە لە تێکۆشانین
دینەمۆی ئیش و مۆمی سووتانین
ئەی ئۆتۆنۆمی ئەی ئۆتۆنۆمی
****
کوردستان ئەبێ بۆ ڕەنجدەران بێ
بۆ پیاوچاک و کوردپەروەران بێ
ئەوسا کوردستان لەبۆ ژێر دەستان
ئەبێتە قیبلەی خواست و مەبەستان
ئەی ئۆتۆنۆمی ئەی ئۆتۆنۆمی

15. سروودی (شەهیدانی کوردستان (یان)نەمران)

ئەم سروودەی بۆ شەهیدانی ڕێی ئازادی کوردستان داناوە، تروسکەکانی ئازادی لەچاوی ئەواندا دەبینێ، چونکە ئەوان بەخوێنی خۆیان نیشتیمان ڕۆشن دەکەنەوە، بڕواناکەم هیچ قەڵەم و ئاوازێ بتوانێ لەبااڵی شەهید بەرزتر و بەقەد گەورەیی شەهید بێت، بەڵام سروودەکەی)دلێر(یش زۆر جوان وشە و ئاوازی ئاوێتەکردووە بۆ بەرز نرخاندنی ئەو گیانبازانەی ئەوان نەبان، نەمێژوومان دەبوو، نەخاك، نەزمان، هەموو پیرۆزییەکانمان لەلایەن دوژمنانی گەلەکەمان دەسڕانەوە:

ئەی شەهیدانی پێشمەرگەی وڵات
ئەی هەڵگرانی دروشمی خەبات
تاکو کورد بمێنێ ناوی ئێوە نامرێ
هەردەم دیارە وەک مەشخەڵی ئاگرێ
ئەی شەهیدانی پێشمەرگەی وڵات
****
بەبێ گومان خوێنی گەشـــی
ئێوەی نەمر ئێوەی نـــەمر
لەگیانی دوژمنانی کـــورد
ئەبێ بەگڕ ئەبێ بەگـــڕ
شەپۆلی تێکۆشانی کـــورد
زیاد ئەکاو ئەخاتە گـــوڕ
ئەی شەهیدانی پێشمەرگەی وڵات
****
گەلی کوڕانی گـــورج و ژێر
پشتی دەبێ پشتی دەنـــێ
ئازار و سەختی ڕێی خـــەبات
گوێ نەدەبێ گوێ نەدەنـــێ
مافی چارەنووسی خـــۆی
ڕۆژێ ئەبێ هەر بیسەنـــێ
ئەی شەهیدانی پێشمەرگەی وڵات

6.2 گۆرانیبێژەکانی خالید دلێر:

دلێر لەسەرەتای ژیانییەوە وەك خۆی دەڵێت)من و سیاسەت و هونەر و وێژە، ئەو چوارە کۆڵەکەیەن کە بەرهەمەکانی)خالید دلێر(یان لەسەر ڕاوەستاوە) ((خالید دلێر، 2012، (35، ڕاستە دلێر لەسێ بوار کاری کردووە و بەخششی هەبووە، بەڵام ئەوەی زیاتر جێی تێڕامانە، سروود و گۆرانییەکانی، بەرهەمی ناوازە و شاکاری دیارن لەناو خەرمانی سروود و گۆرانی کوردی))خالید دلێر چەند شاعیر و چیرۆکنووس بوو، ئەوەندەش هونەرمەند و ئاوازدانەر بوو، زنجیرەیەکی لەسروودی نەورۆز و گۆرانی سیاسی و دڵداری داناوە بەئاوازی خۆش و سەرکەوتوو (( )کەریم شارەزا، 2013، (175، دلێر خاوەنی (16)گۆرانییە کە (13)یان هۆنراوە و ئاوازی خۆیەتی (3)یەکەی تر هۆنراوەی شاعیران)گۆران، نالی، حاجی قادر(ن، ئاوازی هەر شازدە گۆرانی خۆی داناوە، کە لێرەدا لە خشتەیەك دەیخەینە ڕوو:

لیستێك بەناوی سەرجەم گۆرانییەکان

ژ	ناوی گۆرانی	هۆنراوە و ئاواز	تۆتە	وتنی	ئا. میوزیك	ناوە خۆڕسکەکەی
1	چاوەکەم بۆچی	خالید دلێر	دڵدار وریا	خالید دلێر	-	پرسیار
2	بۆ جوانی سەرەڕێ	خالید دلێر	دڵدار وریا	عەباس محەمەد	خالید سەرکار	بۆ یەك شەو

Original Article | http://dx.doi.org/10.14500/krc2019.Gen268

3	سەما	خالید دلێر	نیەتی	تۆمار نەکراوە	خالید سەرکار	-
4	تۆران	خالید دلێر	دڵدار وریا	خالید دلێر	خالید دلێر	بۆ ئێزگەی کوردی بەغدا
5	ئەی قومری	خالید دلێر	دڵدار وریا	خەڵات خالید دلێر	سەلاح ڕەئوف	قومری
6	جەفا	خالید دلێر	دڵدار وریا	شەماڵ حەمە تۆفیق	توانا فەرەج	سکاڵا
7	موژدە	پیرەمێرد -کۆن	وریا ئەحمەد	خالید دلێر	-	موژدەبێ سازگەرایەوە
8	وەی وەی	خالید دلێر	دڵدار وریا	عەباس محەمەد	خالید سەرکار	-
9	سزا	خالید دلێر	دڵدار وریا	سەلاح مەجید	-	-
10	ناسك	خالید دلێر	دڵدار وریا	شەماڵ حەمە تۆفیق	زانا مەحمود هەژار	-
11	بەهارە	خالید دلێر	وریا ئەحمەد	خەڵات خالید دلێر	ئەنوەر قەرەداغی	بەهارە بەهارە
12	ڕۆیی	خالید دلێر	دڵدار وریا	شەماڵ حەمە تۆفیق	ئەحمەد باغ	ڕۆیی ڕۆیی
13	پەری	خالید دلێر	دڵدار وریا	شەماڵ حەمە تۆفیق	سامان تاهیر	پەری گیان
14	قژ	خالید دلێر	دڵدار وریا	عەباس محەمەد	سامان تاهیر	قژی زەردو خاوە
15	قبیلە	نالی -خالید دلێر	دڵدار وریا	تۆمار نەکراوە	-	-
16	خاڵ	خاجی قادری کۆیی -خالید دلێر	دڵدار وریا	تۆمار نەکراوە	-	ئەگەر خاڵت بڵێم

لەساڵی 1954دەستی کردووە بەئاواز دانان، یەکەم گۆرانی لەهۆنراوە و ئاوازی خۆی دادەنێ، ساڵی 1957بۆی دەرەخسێ بچێتە ئێزگەی کوردی بەغدا و تۆماری بکات، بۆ ڕێزلێنان لەشاعیرانی گەورە ی کورد ئاوازی بۆ هۆنراوەی سێ شاعیر داناوە، گۆرانی)جوانی سەرەڕێ (کەهۆنراوەی)گۆران(هـ، لەساڵی 1956دلێر ئاوازی بۆ دادەنێ، بەڵام لەساڵی 1976دەیدات بەهونەرمەند عەباس محەمەد و لەگەڵ تیپی مۆسیقای سلێمانی تۆماری دەکات، بۆ ئەوەی ئاوازەکانی وەکو خۆی دابنابوون و مەبەستی بوو تۆماربکرێن، هەمیشە بەدوای ئەو دەنگە دا گەڕاوە کە ئاوێتەی وشە و ئاوازەکەبێت، یەکێك لەو هونەرمەندانە)عەباس محەمەد (بووە))کاك عەباس محەمەد سلێمان(م لەزستانی 1958ناسی، شەوێکیان بەسەر بارەگاکانی)لاوانی دیموکراتی کوردستان (ئێشکگربووم، بە پایسکلە شرەکەم بەسەریاندا ئەسوڕامەوە، لەبارەگای)ئیمام قاسم (بەسەر دەنگێکی خۆشی ناسکدا چووم، کە منیان بینی دەنگەکە نەما، گوتم: ئەو دەنگە خۆشە بۆ نەما، کێ بوو)هاتم هاتم(ی ئەگوت مندااڵێکی قوتابخانەی سەرەتاییان نیشان دام، گوتیان ئەمە)عەباس محەمەد(هـ، لەوکاتەوە کردم بەکۆرس لە)تیپی هونەر ی خەبات و لەئاهەنگەکاندا بەشداری ئەکرد و لەم دواییەش سروودی)پارتی(م ئەدایێ و بەجوانی ئەیگووت (( )خالید دلێر ، 2012، (38، دلێر لەناو گۆرانیبە دڵداری و ڕۆمانسیەکانیشدا، بیری سیاسی و نیشتیمانی ئەخزاندە ناو کۆپلەکان))من ڕەنیم وایە، لە گۆرانی دڵداریشدا، هونەرمەند، بەتایبەتی شاعیری گۆرانیبەکە، ئەتوانێ لە پەنایەکەوە کوردایەتی و یان چینایەتی هەندێ تێکەڵ بکا و داگیرکەر و کۆنەپەرستیش لێی قبوڵ بکەن) ((خالید دلێر ، 2012، (47، ئاوێتەکردنی ڕیالیزم و ڕۆمانسیزم لەهۆنراوەیەکداو بەتایبەتی بۆ گۆرانی بشێ، بۆ دەربازکردنی بیری کوردایەتی، یان پەنا بۆ ڕەمز بردن لەو سەردەمانەی هۆنراوە و گۆرانی کوردی بەر لەبڵاوکردنەوە، دەبا)سانسۆری ڕژێمی بەعس (ببینێ و ڕێگای بڵاوکردنەوەی بدات، بۆیە ئەو بیرەی دلێر باشترین ڕێگا بووە بۆ گەیاندنی پەیامەکەی لەڕێی گۆرانیبەکی دڵداری وەکو لەگۆرانی قژدا:

دوو سێ تاڵ لەو زەردە، سپیەکی بێگەردە

ئا ئەمە نیشانەی، حاڵی لاوی کوردە

ئەم گۆرانیبە ساڵی 1989تۆمارکراوە، دەزانین ئەو ڕۆژگارە چەند سەخت و دژوار بوو، نیشاندانی حاڵی لاوی کورد لەگۆرانیبەکی دڵداری، نیازی شاعیر لەپەنای ڕەمز دەخاتە ڕوو، کە باس لەچەوسانەوە و کەساسی کورد دەکات لە سێبەری ڕژێمی بەعس و سەدام.

یان لەگۆرانی)ڕۆیی ڕۆیی (باس لەڕۆیشتنی بەلەنجەولاری کچە کۆییەك دەکات بۆ سەرکانی، لەناو ئەو گۆرانیبە ڕۆمانسیە، دلێر بیری بۆلای خەڵك دەڕوا و خۆزگە دەخوازێ کانیبەك با، تینوویەتی هەموو خەڵکی شکاندبا:

خۆزیا کانیبام پر جوانیبام

دلێر لەم گۆرانیبەدا خۆشەویستیبەکەی بۆ نازدارەکەی کۆیی، تێکەڵ بە خۆشەویستی هەموو مرۆڤایەتی دەکا و خۆی و دڵدارەکەی دەبن بە بەشێك لەمرۆڤایەتی، ئەمەش ئەو پەری لەخۆبوردن و دانەبڕانە لەژیانی خەڵك و خۆ جیانەکردنەوەیە.

لەگۆرانی (سزا) دا، ئەویش هەر گۆرانیبەکی دڵداریبە، بەڵام دلێر چونکە بیر و هۆشی هەر لای کوردیایەتی و خەباتی ڕاستەقینەیە بۆ چینی هەژاران و نەتەوە بن دەستەکەی، بۆیە پێی وایە لەڕاستیشدا هەروایە، نابێ دڵداری ڕاستەقینە بۆ گەیشتن بەمەرازی خۆی لەچەڵ و سەختی ڕێ بسەلمێنێتەوە:

چۆن دەبێ دڵدار گوێ بەچەڵ یدا

چۆن بۆمن دەردێی لەناخی دڵدا

دلێر جەخت لەو بۆچوونە دەکا کە لەکۆپلەیەکی گۆرانی سزادا دەربڕیوە (پیاوی دڵدار، جا دڵداری ئافرەت، دڵداری نیشتیمان، دڵداری بەختیار کردنی چەوساوەکان، دڵداری مرۆڤایەتی بێ، نابێ بترسێ، ترس و بەرژەوەندی، خەباتگێڕی ساردکردەوە ئەبێ بە)هەڵباز) (خالید دلێر ، 2012، 48)

6.3 گۆرانی سیاسی لای خالید دلێر:

دلێر لەگۆرانیبەکانی)قژ، ڕۆیی، سزا (کە گۆرانی دڵداری و ڕۆمانسی بوون، کۆپلەی سیاسی و مرۆڤایەتی ئاوێتەی کۆپلەکانی تر کردووە، لەپەنای ڕەمزدا، بەڵام لەهەردوو گۆرانی)بەهارە، ئەی قومری (لەدڵداری دوور کەوتۆتەوە، گۆرانیبەکان سیاسین.

1. گۆرانی بەهارە:

ئەم گۆرانییە کۆپلەی یەکەمی پێش شۆڕشی 14ی تەموزی 1958دانراوە، بەڵام دوای هەرەسی 1975ی شۆڕشی ئەیلول، دلێر دوو کۆپلەی تری بۆ زیاد دەکات و ئەو پەیامەی مەبەستیەتی دەیدرکێنێ و سەبارەت بەناوەڕۆکی ئەو گۆرانییە دلێر دەڵێت)) :واتە ئەو هەوڵەی کە دوایی هات و بەئەنجام نەگەیشت، هەوڵێکی گونجاو و لەبار نەبوو، بۆیە نەهاتەبەر، ئێستاش دەرفەت لەدەست نەچووە، هەر تەنیا ئەو ژیان و هەوڵدانە خۆشە کە مرۆڤ بەڕەنج و هۆش و بازووی خۆی بەرهەمیان ئەهێنێ) ((دلێر، 2012، (51، دلێر بەڕاشکاوی دەڵێتن ناێ بەهاری نائومێدی چۆکتان پێ دابدا، دەبێ تێبکۆشن بەجۆرێ تەمی نائومێدی بڕەوێننەوە:

بەهیواو هەوڵی لەبار دێتەبەر
ژیان، بەختیاری، گەلی کوڵنەدەر
دەسا دەی تێبکۆشە
ژیان بەجۆرێ خۆشە
کەزادەی ڕەنج و هۆشە

***

بەڵێ زێدە خۆشە بەهاری ژیان
هەموو شت لەبارە و هەمووشت جوان
بەهاری نائومێدی
نەهێڵین هێدی، هێدی
بەهاری، نائومێدی

(خالید دلێر، 2012، 51)

2. گۆرانی (ئەی قومری)

ئەم گۆرانییە سەربردەیەکی خۆی هەیە، لەهاوینی ساڵی 1957، مام جەلال کەبەهێنی کاری پارتی دەکرد لەکەرکوک، دێتە لای دلێر و پێکەوە لەخانوبەکی کرێ دەژین و ئێوارەیەکیان لەسەر مەسەلەیەک بیرو ڕایان جیاواز دەبێ و بۆ یەکتر ناسەلمێنن، دلێر دەچێتە دەرەوە، بۆ ئەوەی دڕێژە بەو گفت و گۆیە نەدەن و تادەگەڕێتەوە، مام جەلال ئەو بابەتە لەبیر بکات، لەو خانووەی تێیدا دەژیاین زوو زوو قومری بەسەر دیواری ماڵەکەدا دەیخوێند))بۆ ئەوەی باسەکە لەبیر بەرمەوە، لەماڵەوە دەرچووم و گەیشتمە جادەی ئەڵماس بەرەو ڕێگەی هەولێر گردی ماڵی قازی و... ئیقاعێکم وەرگرت و کەوتمە ڕێوە، وەک ئەوە کە هەموو جارێک بەم شێوەیە ئاوازم دادەنا، ئەو ئاوازەی لەدەروون و مێشکم دابوو، هەر دەبوو بەئاوازی مەقامی صەبا دەربڕینی لێبکرێ، دەربڕینی لاوێکی شۆڕشگێڕ و خەباتکەر، بەناوەڕۆکێکی پێشکەوتنخوازانە..... بەرەو ماڵەوە گەڕامەوە، بۆ ئەوەی ئاواز و شیعرەکەم لەبیر نەچێتەوە، کەمن نۆتە نازانم، دەستم کرد بەگوتنی گۆرانییەکە (( )خالید دلێر، 2003، (81، گۆرانییەکە کە باس لە)قومری(یەک دەکات دەگری، دلێر لەڕێی ئەو گۆرانییەوە بەراوردی ژیانی ئازادانەی قومری و مرۆڤی دیل و ژێر دەستە دەکات، بەئازادی دەفڕێ، دوور لەداو و قەفەس، هاوڕێی گوڵە و بەپێچەوانەی مرۆڤ کە دەم پڕ سکاڵایە بەڵام کوڵنادات و هەر بەوهیوایە، گریان چارەسەر نیە، بەڵکو چۆکدادان و بەزینە لەئاست هەورازەڕێی ژیان:

ئەی قومری، بۆ ئەگری؟
سەرم سوڕماوە قومری بۆ ئەگری
بێباك دێیت و هەڵئەفڕی
بۆ ئەگری بۆ ئەگری

***

گریان چارەی دەرد نییە بۆ ئەگری
چەکی ڕێی نەبەرد نییە بۆ ئەگری
دوور لەخەوش و گەرد نییە بۆ ئەگڕێڕێی وڕە بەردان بگری
بۆ ئەگری بۆ ئەگری

(خالید دلێر، 2012، 58)

ئەم گۆرانییە لەگەڵ دوو گۆرانیتر لە مانگی 3ی 1958لەئێزگەی کوردی بەغدا بەدەنگی خۆی تۆماری دەکات و جاری دووەم لەساڵی 1986 بەدەنگی)خەڵات(ی کچی و زیادکردنی کۆپلەیەکی تر بۆ گۆرانییەکە لەتەلەفزیۆنی کەرکوك تۆماری دەکەنەوە.

3. گۆرانییە ناسراوەکانی دلێر:

هەموو هونەرمەندێك بە چەند بەرهەمێك دەناسرێت، مەرج نییە هەموو بەرهەمەکانی وەکو هونەرمەندەکە مەبەستیەتی بگاتە خەڵك و جێی خۆی لەدڵ و مێشکیان بکاتەوە و نەمری بەدەست بێنێت، دلێر خۆی ناوی ئەو سروود و گۆرانیانە دەڵێت کە دەنگیان داوەتەوە))ئیجازەی پارتی، ئەی قومری، وەی وەی، بۆ جوانی سەرەڕێ، ڕۆیی ڕۆیی، سزا، پێشمەرگەین بەهەڵمەتین، نەورۆزی دوور وڵات، ئێمە ڕۆڵەی کوردین) (خالید دلێر، 2012، 26).

(وەی وەی) و (جوانی سەرەڕێ) دوو شاکاری (دلێر) ن کە بەدەنگی عەباس محەمەد لەگەڵ تیپی مۆسیقای سلێمانی ساڵی 1976تۆمار کراون، کە تا ئەمڕۆکەش زیندوون و بەستەی سەر زاری خەڵکن، گۆرانییەکانی)تۆران، جەفا، ناسك، ڕۆیی، پەری (لەلایەن گۆرانیبێژ شەماڵ حەمە تۆفیق تۆمار کراوە، گۆرانی)تۆران (بۆیەکەمجار)دلێر) بەدەنگی خۆی لەئێزگەی کوردی بەغدا لەساڵی 1957تۆماری دەکات و گۆرانی)جەفا یان سکاڵا(ش یەکەم جار بەدەنگی خۆی لەئێزگەی کوردی لەساڵی 1958تۆمار دەکات، دواتر لەهەشتاکانی سەدەی بیست لەلایەن شەماڵ حەمە تۆفیق تۆمار دەکرێتەوە.

6.4 ئاوازی دلێر بۆ شیعری شاعیران:

دلێر لەگەڵ ئەوەی خۆی هەم شاعیر و هەم ئاوازدانەر بووە، بەڵام بۆ ڕێزگرتن لەشاعیرە ناسراوەکانی کورد، ئاوازی بۆ شیعری سێ شاعیر داناوە،)جوانی سەرەڕێ(ی گۆران کە تۆمار کراوە و دەنگدانەوەی خۆی هەبووە، بەڵام دوو ئاوازەکەی تر کە بۆ شیعری)قیبلە(ی نالی و شیعری)خاڵ(ی حاجی قادری کۆیی داینناون، تا ئێستا تۆماتر نەکراون، ئەویش تا)دلێر (لەژیاندا مابوو بە هۆکاری نەدۆزینەوەی دەنگێکی خۆش کە ئاوێتەی هۆنراوە و ئاوازەکە بێت و بتوانێ نەمری بەدەست بێنێ، دوای ماڵئاوایی)دلێر(یش نەمزانیوە تۆمار کرابێت.

7. ئەنجام

لەکۆتایی توێژینەوەکە بەو ئەنجامانە گەیشتین:

1. سروود وگۆرانی بەرهەمی مرۆڤن لە ساتە جیاوازەکانی ژیان،لە کاتی کار وشانی و شین و ماتەمینی دا
2. -سروودیش بە هەمان شێوە لە کۆندا،لەکاتی جێ بەجێ کردنی ئەرک وسروتە ئایینیەکان،دواتر ڕەهەندی فراوانتری وەرگرت و بوو بەسروودی

پەروەردەیی و فێرکردن و نیشتیمانی و شۆڕشگێڕی وبەرەنگاری وتێکۆشان دژی داگیرکەر و زوڵم و ستەم

3. سروودەکانی دلێر،سروودی نیشتیمانی و بەرەنگارین،لە دەروتێکی پڕ جۆش و خرۆش،لە قوڵایی بیر و باوەڕەوە هەڵقوڵاون،هەندێکیان لە زیندان دا داناوە.
4. گۆرانییەکانی ،هەست و سۆزی عاشق و دڵدار انن وڕەسەن و بە واتا و وێردی سەرزارانن تا ئەمڕۆکەش ،کە تەمەنیان زیاتر لە نیو سەدەیە.
5. گۆرانی و سروودەکانی دلێر بەشێکی گەشن لە مێژووی هونەر ی سروود و گۆرانی کوردی لە سەدەی بیست دا،بۆیە نەگۆرانییەکانی کۆن دەبن،نەسروودەکانی لە بیردەچنەوە.

8. سەرچاوەکان:

٨.١ سەرچاوە کوردییەکان:

.ئەحمەد، موحسین (د)، فەرهەنگی ئەدەبی، چاپخانەی حەمدی، سلێمانی.

باقی، حەمەی حەمە، 2002، مێژووی مۆسیقای کوردی، دەقگای ئاراس، هەولێر.

بەرزنجی، یاسین، 2012، بیرەوەرییە هونەرییەکانی خالید دلێر، چاپخانەی کاردۆ، سلێمانی.

بۆرەکەیی، صدیق (د)، مێژووی وێژەی کوردی، ب3، دەزگای ئاراس، هەولێر.

تۆفایوا، 1980، و.لەعەرەبییەوە حەمە سەعید حەمە کەریم، چاپخانەی زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.

جاف، حسن فەهمی، 1980، کوردستان شوێنی گەرانەوەی (10) هەزار یۆنانی، وەرگێڕان لەفارسییەوە، چاپخانەی (الحوادث) بەغدا.

حیلمی، ڕەفیق، 1988، شیعر و ئەدەبیاتی کوردی، چاپی دووەم، چاپخانەی خوێندنی باڵا، هەولێر.

خەزنەدار، مارف (د.)، 2011، مێژووی ئەدەبی کوردی، بەرگی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.

خۆشناو، ئەبوبەکر، 2002، شیعری بەرەنگاری کوردی، چاپخانەی ڕووناکبیری سلێمانی

دلێر، خالید، 1982، دەستنووس

دلێر، خالید، 1985، هەندێ وتار و چاوپێکەوتنی وێژەیی، چاپخانەی (الحوادث)، بەغدا.

دلێر، خالید، 1986، دەریاش هەڵچوونی هەیە، چاپخانەی (الحوادث)، بەغدا.

دلێر، خالید، 2003، چەند وشەیەك بۆ مێژوو، سلێمانی

ڕەزازی، ناسر، 2012، سێیەمین فیستیڤاڵی کامەران مورکی، یەکێتی نوسەرانی کورد، سلێمانی

ڕەسوول، شوکریە (د)، 2008، ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی، چاپخانەی موکریانی، هەولێر.

ڕەسوول، عیزەدین (د)، 1970، ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی، چاپخانەی (دار الجاحظ)، بەغدا.

سەرکار، خالید، 2007، سروودی کوردی، ئینستیتۆتی کەلەپوری کوردی، سلێمانی.

شارباژێڕی، عوسمان، 1985، گەنجینەی گۆرانی کوردی، چاپخانەی (زمان)، بەغدا.

شارەزا، کەریم، 2013، کۆیە و شاعیرانی، چاپخانەی شەهاب، هەولێر

عەلائەدین، عەبدولخالق، 2014، کۆیە و ناودارانی، چاپخانەی منارە، هەولێر.

لێژنەیەك لە وەزارەتی پەروەردە، 2007، سروودی کوردی، چاپخانەی پەروەردە، هەولێر.

هەژار، 1385، هەنبانە بۆرینە (فەرهەنگی کوردی – فارسی)، تەهران.

ئەحمەد وریا، 2015، خالید دلێر، چاپخانەی شەهاب، هەولێر.

٨.٢ سەرچاوە عەرەبییەکان

الکیالی، عبدالوهاب (د)، 2010، موسوعة السیاسیة، الجزء السادس.

النشید، 2016، الموسوعة الحرة (ویکیبیدیا)

خلیل، شعوبی ابراهیم، 1985، دلیل الاتغال اطلاب المقام، دار الحب، بغداد.

لافرحان، ابراهیم راشد، 1984، أغانی الاطفال فی الکویت، الکویت.

٨.٣ سەرچاوە فارسییەکان

معین، دکتر محمد، 1360، فرهنگ فارسی، چاپ چهارم، چاپخانه سپهر، تهران.

جەلیل، ئۆردیخانی، 1979، سترانێ زارگۆتنا کوردیە تاریقیێ، شکور مستەفا و قادر محەمەد وەریانگێڕاوە، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد.

رازی محمد بن قیس رازی (شمس الدین)، 1269، العجم فی معاییر اشعار العجم، با کوشش دکتر ناصرالدین شاه حسین، مؤسسه أمیر کبیر، چاپ پینجم، تهران.

٨.٤ گۆڤار و بڵاوکراوەکان

باقی، حەمەی حەمە، 1990، وتار، گۆڤاری هۆزە، یەکێتی هونەرمەندانی کوردستان، سەقز.

دلێر، خالید، 1982، چاوپێکەوتن، نوسەری کورد، ژمارە(9) خ2، چاپخانەی (الحوادث) بەغدا.

نوری، محەمەد، 1946، شیعر، گۆڤاری کوردستان، ژمارە(3)، محاباد.

٨.٥ دیدەنی

نوری، محەمەد (ب)، 2007، دیدەنی.